کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤٥٨ - ڕێبەندانی ١٤٠٣-فوریە ی ٢٠٢٤




## سەروتار

### پەیامی کۆمیتەی ناوەندی بە بۆنەی ٢٦ی ڕێبەندانی ١٤٠٣ یادی ٥٥ ساڵەی دامەزرانی کۆمەڵە

**کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان**

له یادی پەنجا و پێنج ساڵەی دامەزرانی کۆمەڵە و ٤٦ ساڵی ئاشکرابوونی تێکۆشانی ئەو ڕێکخراوەیە، سڵاو دەنێرین بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە لە پێناوی ئەو ڕێبازەدا، لە هەموو سەنگەرەکانی خەبات، لە مەیدانی نەبەردی پێشمەرگانە و یان لە زیندانەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیدا گیانیان بەختکرد. سڵاو بۆ بنەماڵەی خۆڕاگر و سەربەرزیان. سڵاو بۆ یادی کاک حەمەحسەینی کەریمی لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە، کە ئەو ڕۆژە هاوکاتە لەگەڵ ڕۆژی گیانبەختکردنی ئەو ئازیزە، سڵاو بۆ هەموو ئەوانەی کە لە پێناوی ئەو ڕێبازەدا بریندار و کەم ئەندام بوون و یان بەشێك لە تەمەنی خۆیان لە زیندانەکان و ئەشکەنجەگاکانی ڕژیمی ئیسلامیدا تێپەر کرد، سڵاو بۆ جەماوەری خەڵکی کوردستان کە بە هەموو شێوەیەک پاڵپشت و پشتیوانی کۆمەڵە بوون و لەو پێناوەدا لە بەختکردنی گیان و ماڵی خۆیشیان دریغیان نەکرد. ئەمساڵ ڕێورەسمی یادی دامەزرانی کۆمەڵە لە بارودۆخێکدا بەڕێوە دەبەین کە کۆماری ئیسلامی ئێران نەک هەر لەچاو ساڵانی پێشووتر، بەڵکوو تەنانەت لەچاو ساڵی ڕابردووش ڕژیمەکەی جاران نییە. هاوسەنگی هێز بە قازانجی جەماوەر گۆڕاوە و هیوا بە سەرکەوتن و نەمانی کۆماری ئیسلامی لە ناو دڵ و دەروونی خەڵکی ئەو وڵاتەدا چەکەرەی بەستووە. لەلایەکەوە ئەو ڕژیمە کەوتۆتە بەردەم کۆمەڵێک قەیرانی چارەهەڵنەگر کە بەرەو هەڵدێری نەمانی دەبەن و لەلایەکی دیکەوە کۆمەڵانی خەڵک بە چەند ئەزموونی دەوڵەمەنددا تێپەڕ بوون و وانەی چارەنووسسازیان لێوەرگرتووە. ئەزموونی شۆڕشی ژینا و دروشمی ژن، ژیان، ئازادی، چووەتە ناو ناخی کۆمەڵگاوە و بووەتە سەرچاوەی گەلێک گۆڕانکاری هیوابەخشی کۆمەڵایەتی. شۆڕشی ژینا بە پێچەوانەی پڕوپاگەندەی کۆماری

درێژە لە لاپەڕەی ٢




لە لاپەڕەی ٥



**ڕاگەیاندنی هاوبەشی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ مانگرتنی گشتی لە ڕۆژی چوارشەممە ٣ی ڕێبەندانی ١٤٠٣دا**

لە لاپەڕەی ٤

دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤٥٨ - ڕێبەندانیی ١٤٠٣ - فوریەی ٢٠٢٤

پێشڕەو

## درێژە ی سەروتار

ئیسلامی دانەمرکاوەتەوە و بە تاکتیک و شێوازی جیاواز هەروا بەردەوامە. مانگرتنی گشتی ڕۆژی چوارشەممە ٣ی ڕێبەندان یەکێک بوو لە دیمەنە شکۆدارەکانی ئەو بەردەوامییە. ئەمڕۆ ڕێچکەی ئەو شۆڕشە لە گەلێک بواری کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردستان و ئێراندا دەبینین و دەسکەوتەکانی حاشاهەڵنەگرن. ئەگەرچی هێشتا ڕژیمی ئیسلامی هەر لە سەرکارە بەڵام واقعییەت ئەوەیە کە حکوومەتی ئیسلامی گەمەکەی بە ژنانی بوێر و چاونەترسی ئێران دۆڕاندووە. ژنانی ئێران ئەمڕۆ بە شانازییەوە ئاڵای خەبات لە دژی پیاوسالاری و دەسەڵاتی ئائینیی پشتیوانی ئەو ستەمکارییە، لە پێناو مافی یەکسان بۆ ژنان و پیاوان و خەبات لەپێناو ئازادیان بەرزکردووەتەوە. بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژن، ژیان، ئازادی، بە خەبات و خۆڕاگریی قارەمانانەی ژنان لە دژی حیجابی ئیجباریی، پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێوە و فەرهەنگ و کولتوری ئەو کۆمەڵگایەی گۆڕیوە و ژنان چیتر، نەک هەر ئینسانی پلە دوو نین بەڵکوو بوون بە تاجی سەری کۆمەڵگە. تایبەتمەندییەکی ئەم ڕاپەڕینە شۆڕشگێڕانەیە، ئەوەیە کە تەنیا بیر لە ڕووخاندن ناکاتەوە، بەڵکوو سەودای شکڵپێدان بە بەدیل و ئەڵتەرناتیڤێکی ڕوونی لەسەردایە. ئەم بزووتنەوەیە تەنیا بزووتنەوەیەکی ڕووخێنەر نییە، بەڵکوو بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی خاوەن کۆمەڵێک ویست و داواکاریی ڕۆژ بەڕۆژ ڕوونتر و دیاریکراوترە. خەڵک دەرکیان بەو ڕاستییە کردووە کە شۆڕش تەنیا لەپێناو ئازادیدا بەس نییە. بەڵکوو مەرجی ئازادبوونی ڕاستەقینە، پێکهاتنی گۆڕانکاری لە بارودۆخی ئابووری ئینسانەکاندایە. بەشی هەرەزۆری دانیشتوانی ئەو وڵاتە، واتە خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش، ڕۆژەگاریان بە سەختی تێپەڕ دەبێت. کەلێنە چینایەتییەکان ڕۆژ بەڕۆژ قوڵتر و بەرینتر دەبنەوە. هەموو ئەوانە لە کاتێکدایە کە ئابووری ئێرانیش بە گشتی لەبەردەم دارماندایە و ئەو دارمانەش پێش هەموو کەس بە سەر هەژارترین بەشی ئەو کۆمەڵگایەدا قورسایی دەکات. لە هەمانکاتدا قەیرانی سیاسی ناوخۆی حکوومەت و قووڵتربوونەوەی قەیرانی ئابووریی و پاشەکشەی ئاشکرا لە سیاسەتی دەرەوەدا، حکومەتیشی لە ئێران خستووەتە دۆخێکی گەلێک دژوارەوە

لە کاتێکدا کە کەس گومانی لەوەدا نییە کە کۆمەڵگای ئێران بە بارودۆخێکی قەیراناویدا تێپەڕ دەبێ، کاریگەری ئەو بارودۆخە لە سەر چالاکی ئۆپۆزسیۆن، چ لە ئاستی ئێران و چ لە ئاستی کوردستاندا پێویستە بە وردی لێک بدرێتەوە و وڵامی بەرپرسیارانەی پێبدرێتەوە

لە کوردستانی شۆڕشگێڕ ئێمە لەگەڵ بارودۆخێکی تایبەتدا بەرەوڕووین، بارودۆخێک کە ئەگەر بەرپرسیارانە هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێت دەتوانێ ببێتە هۆی نەمانی ستەم و ژیانێکی ئازاد و پڕ لە ئاسایش و ئاسودەیی و بە پێچەوانەوە ببێت بە سەرچاوەی کارەسات و نەهامەتی. لەو پێناوەدایە کە ئێمە دەڵێین: بۆ ئەوەی کە دەسکەوتەکانی تا ئێستای بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بەفیڕۆ نەچێت، بۆ ئەوەی ئەوەندەی پێوەندی بە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی چالاک لە کوردستانەوە هەیە، دیاریکردنی نقشە ڕێگایەک بۆ هاوکاری و هاوئاهەنگی نێوان ئەو هێزانە لە بارودۆخی ئێستادا وەک بابەتێکی چارەنووسسازی بەپەلە و هەنووکەیی هاتۆتە گۆڕێ کە پێویستە وڵامێکی ڕاشکاوانە و بەرپرسیارانەی پێ بدرێتەوە. ئەو وڵامە پێویستە جەماوەری خەڵک یەکگرتوتر بکات

بە سەرکەوتن ئومیدەواریان بکات، پێویستە خەبات بۆ ئازادیان ئاسان بکاتەوە و ڕەنج و ئازارەکانی ئەو ڕەوتەیان بۆ کەم بکاتەوە، پێویستە ڕێگە نەدات ناکۆکییەکانی ناو کۆمەڵگای کوردستان نابەوەخت و ناپێویست سەر هەڵبدەن. پێویستە ڕێگە لە داشکاندنی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان و چاوبەستنی خەڵک بە چەند ریفۆرمی ڕووکەشی بگرێت، پێویستە ڕێگە لە سیاسەتی دوبەرەکی نانەوە لەناو حیزبە سیاسییەکانی چالاک لە کوردستان لەلایەن دوژمنەوە بگرێت، پێویستە لە پێوەندی نێوان حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستاندا کەش و هەوایەکی دێموکراتیک و شارستانیانە بخولقێنێ و ڕەخنەگرتنیان لە یەکتر ئاسایی بێت و زمانی زبر بەکار نەهێنرێت. پێویستە هەموان ئەو سەرەتایە بسەلمێنن کە دەسەڵات پرسی جەماوەرە و پێویستە ڕێزی لێبگیرێ و بە دامەزراوەکانی هەڵبژاردەی خەڵک بسپێردرێ. پێویستە هێزی چەکدار لەژێر کۆنترۆڵ و بەڕێوەبردنی ئەو دامەزراوانەدا بێ. پێویستە هەموو ئەوانە ببێت بە نەخشە ڕێگایەک بۆ داهاتووی کوردستان کە حیزبە سیاسییەکانی چالاک لە کوردستان پێی پابەند بن و پشتیوانیی جەماوری بۆ دابین بکرێت. پێویستە وانە لە ئەزموونی دوو ساڵی یەکەمی دوای ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی لە کوردستان وەربگیرێ و گەشەی پێبدرێت

لە ناو پارچەکانی کوردستاندا ئەمڕۆ ڕۆژئاوای کوردستان لە بارودۆخێکی هەستیار و تەنانەت مەترسیداردایە ڕۆژئاوای کوردستان بە هەموو کەم و کوڕییەکانیشەوە بە بارودۆخێکی تاڕادەیەک هاوشێوەی ساڵانی ١٣٥٧ تا ١٣٥٩ی کوردستانی ئێراندا تێپەڕ دەبێت. لەم بەشە لە وڵاتی سووریە کە زۆرینەی کوردن، بزووتنەوەیەکی مافخواز و جەماوەریی پێکهاتووە. بزووتنەوەیەکی کە هاوسۆزی و هاوپشتی جەماوەری هاوچارەنووسی، بە پێناسەی نەتەوەیی و ئایینی جۆراوجۆرەوە پاراستووە. ئەو خەڵکە بەبێ جیاوازی، ژیانی خۆیان بەڕێوەدەبەن. ئەم بزووتنەوەیە لە کاتێکدا کە فاشیزمێکی ئایینی لە دیمەشق جێگەی دیکتاتۆرییەتی فاشیستی بنەماڵەی ئەسەدی گرتۆتەوە، سەرەڕای هەر کەموکوڕییەکی کە هەیبێ، تروسکاییەکی هیوابەخشی دێموکراتیکە بۆ جەماوەری خەڵکی ئازادیخوازی سووریە لە ناوچەکانی دیکەی ئەو وڵاتە. بەڵام ئەم ئەزموونە، ئێستا لە لایەن دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئەردۆغانەوە بە توندی کەوتووەتە ژێر مەترسییەوە. لەمڕووەوە پێویستی بە

درێژە لە لاپەڕەی ٣



درێژه ی لاپەڕەی ٢

پشتیوانی کاریگەر و بێ دریغی جیهانی و جەماوەریی هەیە. دەوڵەتی تورکیە بەشێک لە و وڵاتەی داگیر کردووە و بەشەکەی دیکەشی بە ئاگر و ئاسن داوەتە بەر پەلامار و وێستگەکانی کارەبا، وێستگەکانی گواستنەوەی وزە و پاڵاوگەکانی نەوت، لەناوچوون و چەندین جار بە هێرشی ئاسمانی و تۆپخانە، نەخۆشخانەکان و سەرچاوەکانی دابینکردنی ئاو، کراونەتە ئامانج. هاوکات هێزە بەگیراوەکانی خۆی بەرداوەتە گیانی ئەو ئەزموونە ئینسانییەوە لەگەڵ کەوتنی بەشار ئەسەد لە دیمەشق، هێرشەکانی ئەرتەشی تورکیە و بەکرێگیراوەکانی بۆ سەر هێزەکانی سووریای دێموکراتیک چڕتر بووەتەوە. لە هەلومەرجێکدا کە دەوڵەتی ئەمریکا لە پێناو دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیدا، لایەنگری و هاوئاراستەیی دەوڵەتی تورکییەی پێ باشترە لە پاڵپشتیکردن لە خەڵکی ڕۆژئاوا، لە هەلومەرجێکدا کە ئەو گرووپەی لە دیمەشق دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتووە، بە هاوکاری دەوڵەتی تورکیە، چاوپۆشی لە مافەکانی خەڵکی کورد و لەناوبردنی دەستکەوتە کۆمەڵایەتیەکانی بزووتنەوەی ڕۆژئاوای کردووەتە یەکەم ئامانجی خۆی، لە ئاوا هەلومەرجێکدا، تاکە لایەنگر و پشتیوانی ڕاستەقینەی بزووتنەوەی ڕۆژئاوا، بریتییە لە خەڵکی خەباتکاری ناوچەکە و ئازادیخوازانی جیهان. پشتیوانی هەمەلایەنە و داکۆکیکردن لە خەڵکی ئازادیخواز و مافخوازی کوردستانی سووریە بۆ بەرگریکردن لە دەستکەوتەکانیان، پێویستییەکی بەپەلە و هەنووکەییە

ئەرتەشی تورکیە هاوکات لەگەڵ درێژەدان بە هێرشەکانی لە ڕۆژئاوا، بە دەستدرێژیکردنە سەر خاکی کوردستانی عێراق و دامەزراندنی دەیان بنکەی سەربازی لە قوڵایی ناوچەکە و بۆردومانکردنی بەردەوامی ئەو ناوچەیە، ماڵ و حاڵی خەڵک وێران دەکات و ڕەز و باخ و گێڵگە کشتوکاڵییەکان لەناو دەبات و ئەمنییەت و ئاسوودەیی لە خەڵک زەوت کردووە. بەجۆرێک کە هەر ئێستا بەشێکی زۆر لە باکووری هەرێمی کوردستان لەلایەن ئەرتەشی تورکیەوە داگیرکراوە و ئەرتەشی تورکیە بەمەبەستی مانەوە و جێگیربوون، لەسەر ڕێگای پێشڕەوییەکانیدا دەیان بنکەی نوێی نیزامی دامەزراندووە و هەزاران سەربازی خۆی تێدا جێگیر کردووە. ئەگەرچی بیانووی دەوڵەتی تورکیە حزووری پەکەکەیە لە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان، بەڵام واقعییەت ئەوەیە کە ئەوە ناسیونالیسمی ڕەگەزپەرەستی تورکە کە بە کردەوە دەردێت. ئەمڕۆکە ئێمە شاهیدی توندوتیژی و تیرۆری دەوڵەتیی تورکیە لە کوردستانی تورکیە و لە هەردوو بەشی کوردستانی سووریە و عێراقین، واتە دەوڵەتی تورکیە هاوکات لە سێ بەشی کوردستان، خەریکی کوشتار و سەرکوتکردنی خەباتی خەڵکی کوردستانە

کۆمەڵە هەر ئەو هێزە کۆمۆنیست و شۆڕشگێڕەیە کە لە خاڵە وەرچەرخانە مێژووییەکاندا تاقیکراوەتەوە. لە هەڵوێستەکانی قۆناغی هەستیاردا متمانەی جەماوەریی بەدەست هێناوە. لە داهاتووشدا، دیسانەوە دەکەوێتە وەها قۆناغگەلێکەوە. بەو پێشینە و ئەقڵ و تەجروبە و زانستەی کە بەدەستی هێناوە، دڵنیاین کە دەتوانێ لە تاقیکردنەوەکانی داهاتووشدا سەربەرز و سەرکەوتوو دێتەدەرێ. ئەگەر باس لە دەسکەوتەکانی دەکەین بۆ ئەوە نییە سەرینی ئەرخەیانی لەژێر سەر دابنێین. بەڵکوو بۆ ئەوەیە بیانکەین بە توێشووی ڕێگای بەرەوپێشچوونمان. لە هەمانکاتیشدا لە هەڵەکان ئەزموون وەربگرین و دووپاتیان نەکەینەوە

**بژی کۆمەڵە، بژی سۆسیالیزم.**

**سەرکەوتوبێت شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی**

***

## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە
## سەبارەت بە دەرکردنی حوکمی نامرۆڤانەی ئێعدام بۆ پەخشان عەزیزی و هەڵسووڕاوانی تری سیاسی



ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، خولێکی نوێی دەرکردنی حوکمی لەسێدارەدانی بۆ هەڵسووڕاوانی زیندانی، دەست پێکردووە. لە نوێترین نموونەدا حوکمی لەسێدارەدانی پەخشان عەزیزی لەلایەن دادگای باڵاوە پشتڕاستکراوەتەوە و ئێستا ئیتر لەگەڵ تێپەڕبوونی کات، مەترسی جێبەجێکردنی ئەم حوکمە جینایەتکارانەیە، زیاتر دەبێت. پەخشان عەزیزی ژنێکی تێکۆشەرە کە بەشێک لە ژیان و چالاکییەکانی لە ڕۆژئاوا لە پێناو یارمەتی خەڵکی ستەملێکراوی ئەو ناوچەیە و لە دژی گرووپی جینایەتکاری داعش بەسەر بردووە. ئەم ژنە تێکۆشەرە چەندین مانگە لە زیندانەکانی ڕژێمدا ئەشکەنجە دەدرێت و لەبەرامبەر پەروەندەیەکی هەڵبەستراوی کە لەژێر ئەشکەنجەدا لە دژی دروستکراوە، خۆڕاگریی دەکات. کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران خەبات و تێکۆشانی ئەم ژنە گەنجە بەرز دەنرخێنن و ڕێزی لێدەگرن. لە ڕوانگەی خەڵکی کوردستانەوە ناوبراو قارەمان و تێکۆشەرێکی پێشڕەو بووە کە لە پێناو گەیشتن بە ئارمانە ئینسانییەکانیدا تەنانەت سنوورەکانی ئێرانیشی تێپەڕاندووە. ڕژێمی ئیسلامی لە هەلومەرجێکدا حوکمێکی لەم چەشنە لەدژی پەخشان عەزیزی لە دادگای باڵای نیزامە ڕزیوەکەیدا پشتڕاست دەکاتەوە کە بەهۆی خەبات و خۆڕاگری جەماوەریی کرێکاران، خانەنشینان، پەرستاران، ژنانی ئازادیپۆش و دادخوازان، تەنگی پێ هەڵچنراوە و ترسی ڕووخان و دارمان، خەوی لە چاوی زڕاندووە. ڕژێم پێی وایە کە بەم هەوڵانە دەتوانێت مەترسی دارمان و ڕووخان لە خۆی دوور بخاتەوە، بەڵام واقیعییەت ئەوەیە کە ئەمڕۆ ئیتر خەڵک دیوارەکانی سیاسەتی ترس و تۆقاندنی تێکشکاندووە و دەرکردنی حوکمی نامرۆڤانەی لەم چەشنە، نەک هەر خەڵک چاوترسێن ناکات بەڵکوو ئاگری ڕق و تووڕەیی جەماوەر خۆشتر دەکات و کابووسی کۆماری ئیسلامی لە واقیع نزیکتر دەکاتەوە. واقیعییەت ئەوەیە، لە هەلومەرجێکدا کە کۆماری ئیسلامی لە هەر بوارێکەوە لەگەڵ بنبەستی سیاسیی بەرەوڕوو بووەتەوە، توندتر کردنەوەی ئەم ڕێوشوێنانە، بەشێکن لەو هەوڵە بەربڵاوە سەرکوتگەرانەی کە بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی ناڕەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان بەرنامەڕێژی کراوە. دەسەڵاتێکی کە لەناو زۆرینەی دانیشتوانی کۆمەڵگادا هیچ شەرعیەتێکی نییە، دەسەڵاتێکی کە ژیانی لە کرێکاران و زەحمەتکێشان کردووە بە دۆزەخ و دەیان ملیۆن کەسی بە چەندین قات خستووەتە ژێر هێڵی هەژارییەوە، دەسەڵاتێکی کە هیچ پلانێکی بۆ داهاتووی ملیۆنان گەنجی بێکار و خوێندەواری زانکۆ نییە، دەسەڵاتێکی کە سیستەمێکی نامرۆڤانەی ئاپارتایدی جێندەری بەسەر نیوەی کۆمەڵگا واتە ژناندا سەپاندووە و بەردەوام بەپێی یاسا و ڕێسای کۆنەپەرستانە، سووکایەتییان پێدەکات و ئەزیەت و ئازاریان دەدات، دەسەڵاتێکی کە بە سەپاندنی سیستماتیکی ستەمی نەتەوەیی بەسەر خەڵکی کورد و نەتەوەکانی دیکەی دانیشتووی

درێژه لە لاپەڕەی ٤


درێژە ی لاپەڕەی ٣

ئێراندا، گوشارەکانی ئەم هەژاری و بێ مافیانەی بەسەریاندا دوو هێندە کردووە، دەسەڵاتێکی کە بە میلیتاریزەکردن و بێ پلانی و ڕانتخۆری و گەندەڵی، ژینگەی وێرانکردووە، دەسەڵاتێکی کە تەنانەت توانای دابینکردنی گاز و کارەبای پێویستی هاوڵاتیانیشی نییە و دەیان ملیارد دۆلاری لە سەروەت و سامانی ئەم وڵاتە و بەرهەمی ڕەنج و چەوسانەوەی ئەم خەڵکەی، لە پێناو ئامانجە کۆنەپەرستانە ناوچەییەکانی و هەروەها دەستەبەرکردنی قووڵایی ستراتژیک بە مەبەستی مانەوەی خۆی بەفیڕۆداوە، هەوڵی لەم چەشنە نیشانەی داماوی و سەرلێشێواوی ئەم دەسەڵاتەیە و لەڕاستیدا بە دەستی خۆی، پێویستییەکانی لەناوچوونی خۆی فەراهەم دەکات ئێمە، ئەم کردەوە سەرکوتگەرانەی حکوومەتی ئیسلامی ئێران بە توندی ئیدانە دەکەین و داوا لە سەرجەم حیزب و ڕێکخراو و لایەنە سیاسییە پێشڕەو و پێشکەوتنخوازەکان دەکەین کە لە بەرامبەر دەرکردنی سزای کۆنەپەرستانەی ئێعدام بۆ هەڵسووڕاوانی سیاسیی، لەوانە پەخشان عەزیزی، وریشە مورادی، بێهروز ئێحسانی، مێهدی حەسەنی، موجاهد کورکور، عەباس دریس، مێهراب عەبدوڵڵازادە و زیندانیانی تری مەحکووم بە ئێعدام، بێدەنگ نەبن و بە هەر شێوەیەک کە دەتوانن لە دژی دەسەڵاتداریێتی ئیسلامی و جێبەجێکردنی ئەو کردەوە نامرۆڤانەیە، خۆڕاگریی بکەن. هەروەها ویستی ئازادی تەواوی دەستگیرکراوەکانی ئەم دواییانە و سەرجەم زیندانیانی سیاسی، بکەن بە ویست و داواکارییەکی گشتی. ئەوەی لە کۆماری ئیسلامی ماوەتەوە، تەنیا بریتییە لە دام و دەزگا سەرکوتگەرەکەی، کە ئەوەش بە خەبات و بەرخۆدانی جەماوەریی و ڕێکخراو، پووچەڵ دەکرێتەوە. ئێمە هەروەها داوا لە هەموو حیزبەکان، ڕێکخراوەکان و ناوەند و کەسایەتی و هێزە پێشکەوتنخوازەکان دەکەین بە هەر شێوەیەک کە دتوانن لەپێناو هەڵوەشاندنەوەی سزای نامرۆڤانەی لەسێدارەدان، ئازادی سەرجەم زیندانیانی سیاسی، کۆتایی هێنان بە گرتن و لێپێچینەوە و گوشار بۆ سەر هەڵسووڕاوان و بنەماڵەکانیان تێبکۆشن. بەتایبەت هەوڵی بەپەلە و لە ئاستێکی بەربڵاو و جەماوەریدا بۆ ڕزگارکردنی گیانی پەخشان عەزیزی کە لە سەروبەندی لەسێدارەداندایە، گەلێک پێویستە

**کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە، ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

**٢٢ی بەفرانباری ١٤٠٣ی هەتاوی**
**١٢ی ژانویەی ٢٠٢٥ی زایینی**

****



## ڕاگەیاندنی هاوبەشی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

## بۆ مانگرتنی گشتیی لە ڕۆژی چوارشەممە ٣ی ڕێبەندان

**کۆمەڵانی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!**

لە بارودۆخێکدا کە گرانی و بێکاری و نەداری و دەیان کێشە و گرفتی ئابووری، خزمەتگوزاری و نەبوونی هەر چەشنە ئازادییەکی سیاسی بەربینگیان بە کۆمەڵگەی کوردستان و ئێران گرتووە، ڕێژیمی ئێران، لەبری وەڵامدانەوە بەویست و داخوازییەکانی جەماوەر، شمشێری لە دژی زیندانیانی سیاسی لە ڕوو بەستووە و حوکمی لەسێدارەدانی بۆ دەیان تێکۆشەری سیاسی لە کوردستان و سەراسەری ئێران دەرکردوە. لەم پەیوەندییەدا و بە تایبەت بەهۆی مەترسیی لەسێدارەدانی "پەخشان عەزیزی" و "وریشە مورادی"، پێوستە هەنگاوی خێرا و بەپەلە هەڵبگیردرێت لە پێناو ڕزگارکردنیان لە پەتیسێدارە. یەکێک لەم هەنگاوانەش بریتییە لەبەڕێوەچوونی مانگرتنێکی گشتی لە کوردستان مانگرتنی گشتی و جەماوەریی لە کوردستان بەردەوام وەک ڕێکارێکی بەرەنگاریی مەدەنی لە کاتە هەستیارەکاندا بووەتە نەریتێکی جێکەوتوو لە کۆمەڵگەی پێشکەوتووی کوردستاندا. ئەمڕۆ کە لەبەردەم یەکێک لەو کاتە مێژوویانەداین، پێویستە ئیرادەی جەماوەری لە بزووتنەوەیەکی شایستەدا خۆی نیشان بداتەوە بۆ ئەوەی پێش بە تراژدیایەکی دیکە بگرێت و گیانی کۆمەڵێک مرۆڤ کە هیچ کردارێکیان جگە لە خۆشەویستی خەڵک و خەبات لە پێناو ئازادی و یەکسانیدا نەبووە، لە پەتی سێدارە ڕزگار بکات. بێگومان ئەو یەکگرتوییەی جەماوەر کە لە شێوازێکی مەدەنی و ئاشتیانەدا خۆی دەنوێنی، دەتوانێت جارێکی دیکە هەروەک چۆن لە شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی"دا، کوردستان خاوەنی پەیامی خەبات و خۆڕاگری بۆ هەموو کۆمەڵانی خەڵک لەسەرتاسەری ئێران بوو، دووپات ببێتەوە. ئەم حەرەکەتە لە هەمانکاتدا بەدەنگەوەهاتنێکە بۆ ئەو زیندانییە سیاسییە تێکۆشەرانەی هەموو ڕۆژانی سێشەممەیەک لە زیاتر لە ٣٠ زیندانی ئێران، بە مانگرتنی بوێرانەی خۆیان، دروشمی "نا بۆ لەسێدارەدان" بەرز دەکەنەوە ئێمە ئەو حیزب و لایەنە سیاسیانەی کە ناومان لەم ڕاگەیاندراوە هاوبەشەدا هاتووە، داوا لە هەموو جەماوەری تێکۆشەری کوردستان دەکەین کە ڕۆژی چوارشەممە ٣ی مانگی ڕێبەندان، لە هەموو کوردستان لە مانگرتنێکی گشتی لە دژی حوکمی لەسێدارەدانی ڕۆڵەکانمان بەشدار بن و هەروەها سەرجەم ناوەندەکانی کار، بازاڕ و خوێندن دابخرێن. بەمجۆرە هێزی یەکگرتووی جەماوەر لە پێناو دابینبوونی ئامانجی سیاسی و ئینسانیی خێرادا، نیشان بدرێتەوە ئەم هەنگاوە پێشگیرانەیە دەرفەتێکە بۆ ڕزگارکردنی گیانی مرۆڤەکان و لە هەمانکاتدا ڕێگریکردنە لە تازییەباربوونی زیاتری بنەماڵەکان. با جارێکی دیکە نیشانی بدەینەوە کە کوردستان لە بەرامبەر وەها حوکم گەلێکی نامرۆڤانەدا بێدەنگ نابێ و هەڵوێستی دەبێت

**بژی یەکگرتوویی و یەکدەنگیی جەماوەریی لە کوردستان.**

**– پارتی ئازادیی کوردستان**
**– پارتی ژیانی ئازادیی کوردستان پژاک**
**– کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**
**– حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**– کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان**
**– کۆمەڵە_ ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمونیستی ئێران**

**٣٠ی بەفرانباری ١٤٠٣ – ١٩ی ژانویەی ٢٠٢٥**

****

# پەیامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە بەبۆنەی بەڕێوەچوونی سەرکەوتوانەی مانگرتنی گشتی ٣ی ڕێبەندانی ١٤٠٣ی هەتاویی



## کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان!

ئەمڕۆ چوارشەممە ٣ی مانگی ڕێبەندان، بۆ دەربڕینی نارەزایەتی بەرامبەر بە کۆمەڵێک حوکمی ناڕەوای لەسێدارەدان کە بە سەر ژومارەیەک لە هەڵسووڕاوانی سیاسی و مەدەنی و لەوانە "پەخشان عەزیزی" و "وریشەی مورادی" دا سەپاوە، لاپەڕەیەکی پڕشنگداری دیکە لە مێژووی خەباتی هاوچەرخی کۆمەڵگای کوردستان هەڵدرایەوە. کۆماری ئیسلامی هەرچی لە توانایدا بوو بۆ پێشگرتن لە بەڕێوەچوونی ئەو مانگرتنە لە هەڕەشە و بڵاوکردنەوەی هەواڵی چەواشەکارانە، بەکاری هێنا و سەرەڕای هەمووی ئەوانە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لێبڕاوانە و بەبێ ڕاڕایی بە دەم بانگەوازی مانگرتنی گشتیەوە هاتن و سەرکەوتنێکی مێژوویی دیکەیان بۆ بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان تۆمار کرد بەم بۆنەوە، پیرۆزبایی گەرمی خۆمان پێشکەش بە جەماوەری شۆڕشگێڕی کوردستان دەکەین و ماندوونەبوونی بە سەرجەم هاوڕێیانی کۆمەڵە لە ناوخۆی وڵات و هاوڕێیانی بەشی هەواڵ و ڕاگەیاندن و تەلەویزیۆنی کۆمەڵە و تورە کۆمەڵایەتییەکان دەکەین کە لە ماوەی دوو ڕۆژی ڕابردوودا، بەوپەڕی جۆش و خرۆش و ماندوویی نەناسی و بێوچان هەموو کاتەکانی خۆیان خستە خزمەت سەرکەوتنی ئەم مانگرتنە گشتییە شکۆدارە، دەستیان بەگەرمی دەگوشین ئێمە دەزانین کە تا گەیشتن بە سەرکەوتنێکی چارەنووسساز، هێشتا ڕێگای پڕ هەوراز ونشێومان لەپێشدایە کە دەبێ هەنگاو بە هەنگاو و بە پشودرێژی، هەموو هێز و توانای خۆمان بخەینەگەڕ بۆ تێپەڕاندنی ئەو مەودایە. سەرکەوتنی مانگرتنی ٣ی ڕێبەندانی ١٤٠٣، هەنگاوێکی پتەو بوو بەو ئاراستەیەدا. کۆمەڵە کە بۆ بونیادنانی کۆمەڵگایەکی بە دوور لە چەوسانەوە و ستەم، ئاشتی و تاسایش و ژیانێکی ئاسوودە و یەکسان بۆ هەموان خەبات دەکات هەوڵدەدا ئەو ئامانجە بە کەمترین ئێش و ئازار وەدی بێنێت، هەر بۆیە بەردەوام لە سەر ئەو تاکتیک و ڕێکارانە پێداگریی دەکات کە هێزی لەبن نەهاتووی جەماوەر دەخاتە کار. مانگرتنی سیاسی گشتی، یەکێکە لەو ڕێکارانە و بووەتە نەریتێکی جێکەوتوو لە کۆمەڵگای کوردستاندا. مانگرتنی گشتی، کاریگەربوونی خۆی لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا بۆ ئیفلیج کردنی هێزی سەرکوتگەر، بە کردەوە نیشان داوە. جەماوەری خەڵکی کوردستان بە گرتنەبەری ئەم شێوازە لە خەباتی مەدەنی، تا ئێستا چەندین جار دوژمنیان بەرامبەر بە ئیرادەی یەکگرتووانەی خۆیان بە چۆکدا هێناوە. مانگرتنی گشتی ئەمڕۆ ٣ی مانگی ڕێبەندان، ئەو ئەزموونەی دەوڵەمەندتر کرد. بە تایبەت کە ئاکامی کۆدەنگییەکی هیوابەخش بوو

**بژی ئازادی**
**بژی سۆسیالیزم**
**سەرکەوتووبێ بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان**
**کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە**
**ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
**٣ی ڕێبەندانی ١٤٠٣ی هەتاویی**

****

# پێشڕەوی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا لە سەر بەستێنی پێشهاتە خێراکانی ناوچەکە و جیهان

## هەڵسەنگاندنی هاوبەشی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و هەیئەتی ئیجرایی ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران (ڕاهی کارگەر)

**یەکەم–** مانگرتنی گشتی لە کوردستان، خۆڕاگریی مەدەنی پەرەدەسێنێت
خۆڕاگری لە بەرامبەر شەپۆلی ئێعدام و دەستبەسەرکردنەکان، ئێستا شێوازێکی زۆر بەربڵاوی بەخۆیەوە گرتووە. هاوکات لەگەڵ نارەزایەتییەکان، سکاڵانامە و بانگەشەی پشتیوانی و ڕاگەیاندنی مانگرتنی گشتیش لە کوردستان بۆ نارەزایەتی بەرامبەر بە سزای لەسێدارەدان، هەنگاوێکی زۆر کاریگەرە. ئەمە یەکەمجارە مانگرتن بەمەبەستی پێشگیری بەڕێوە دەچێت. تا ئێستا مانگرتنە گشتییەکان لە کوردستان وەک نارەزایەتییەک بەرامبەر بە تاوانێک بەڕێوە چووە، هاوشێوەی نارەزایەتی بە کوشتنی مەهسا ئەمینی یان ڕێوڕەسمی دووەمین ساڵیادی ناوبراو. بەڵام ئەمجارە هەنگاوێکی نارەزایەتی و پێشگیرانە بەمەبەستی ڕێگریکردن لە لەسێدارەدان، بەڕێوەچوو. گرتنەبەری ئەم تاکتیکە ئەوە دەردەخات کە بزووتنەوەی نافەرمانیی مەدەنی، وردە وردە لە سروشتی کاردانەوە تێپەڕ دەبێ و سروشتی کرداری پێشوەختە بەخۆیەوە دەگرێت. ئەم هەنگاوە هاوکات لەگەڵ مانگرتن لە خواردنی ڕۆژانی سێشەممەی زیندانیانی سیاسی لە زیاتر لە ٣٤ زیندانی ئێران، بە دروشمی "نا بۆ ئێعدام"، پاڵپشتی ڕێکخراوە پیشەییەکانی مامۆستایان و سەندیکاکانی کرێکاران و هەروەها کۆکردنەوەی واژۆی کەسایەتییە ئەدەبی و هونەری و فەرهەنگییە ناسراوەکان، هێزی بزووتنەوەی جەماوەریی دێنێتە مەیدان و ڕۆڵی کاریگەرتری ئەو بزووتنەوەیە زیاتر دەردەخات. ئێمە پێشتریش شاهیدی کاریگەری کەمپەینە نارەزایەتییە جەماوەرییەکان بووین، بەتایبەتی لە بواری ژینگەدا. پێویستە هەڵوەشاندنەوەی دروستکردنی مزگەوتی ناپێویست و دوژمنی ژینگەش لە پارکەکانی تاران، بە ئاکامی ئەم هەوڵە پێشگیرانە جەماوەرییە هەژمار بکرێت. گرنگی ئەم گۆڕانکارییەی بزووتنەوەی نارەزایەتی و نافەرمانی مەدەنی جەماوەریی لەوەدایە کە ڕێگە نەدرێت بزووتنەوە و نارەزایەتییە داواکاری تەوەرەکان، لە

درێژە لە لاپەڕەی ٦

پێشـــڕەو
ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە
ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
ئێدیتۆر:
ئیبراهیم علیزادە

نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە هەرێمی کوردستان
Add:
Sulaymaniyeh - Rizgari st
Tel: 00964-7701567854
نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات:
Tel: 0046-738041917

تەلەڤزیۆنی ئاسمانی کۆمەڵە
Yahsat 1A 52.5E
Ferq: 12149
SymbolRate: 27500
Fec : Auto
www.tvkomala.com

ڕادیۆکان
بەرنامەکانی ڕادیۆ دەنگی شۆڕشی ئێران (ڕادیۆ کۆمەڵە) و دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە سەر مانگی دەستکردی هۆتبێرد، ماهوارەی یاهست باش، بڵاوبوونەوەی بەرنامەکانی تەلەڤزیۆنی کۆمەڵە بڵاو دەبێتەوە.

درێژە ی لاپەڕەی ٥

چوارچێوەی تاکتیکە کۆنەکاندا قەتیس بمێنن و کاریگەریی خۆیان لەدەست بدەن. لە سەر بەستێنی ئەم بارودۆخە نوێیەدایە کە ئیمکانی یەکگرتوویی و لێکنزیکبوونەوەی بەربڵاوتر و دیتنەوەی ڕێکارەکانی یەکخستنی تاکتیکەکانی داهاتوو، گرنگییەکی تایبەتییان دەبێت. ئەگەر دروشمی "نا بۆ لەسێدارەدان" و "هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان" دەتوانێت بزووتنەوەی نارەزایەتی و ئازادیخوازانە یەکگرتوو بکات، لە بواری بزووتنەوە داواکاری تەوەرەکانیشدا، دروشمی سەرەکی "دەستەبەری کۆمەڵایەتی هەمەلایەنە و گشتگیر، دەتوانێت بەشێکی بەربڵاو لە بزووتنەوەی مووچەخۆران، خانەنشینان و بێکاران، لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە و بیانکات بە بزووتنەوەیەکی بەهێز. پێویستە هەوڵ بدرێت لە هەناوی ئەم خەبات و نارەزایەتییە جەماوەرییەی ئێستادا، ڕێکخراو و دامەزراوەگەلێک پێک بێن کە بەردەوامیی و چەسپاندنی دەستکەوتەکانی، مسۆگەر بکەن

**دووەم** – پەرەسەندنی دەستبەسەرکردنەکان لە کوردستان و پێویستی بەدواداچوون بۆ دروشمی "زیندانیانی سیاسی دەبێ ئازاد بکرێن

دوابەدوای مانگرتنی گشتی شکۆدار و بەربڵاوی خەڵکی کوردستان لە ٣ی ڕێبەندانی ١٤٠٣، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەستیکردووە بە دەستبەسەرکردنی





ژمارەیەک لە هەڵسووڕاوانی ئاشکرا و مەدەنی بوارە جیاجیاکان لە شارە جۆراوجۆرەکانی کوردستان. ئەم دەستگیرکردنانە لە کاتێکدایە کە لە ماوەی دوو مانگی ڕابردوودا نزیکەی ١٠٠ چالاکی مەدەنی و سیاسی بە بیانووی جۆراوجۆر دەستبەسەر کراون. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی کە لە یەکریزی و ئیرادەی پۆڵایینی خەڵکی کوردستان کە نمونەیەکی درەوشاوەیمان، لە مانگرتنی گشتی ڕۆژی چوارشەممەدا بینی دەترسێت، دەیەوێت لە ڕێگەی سەرکوت و ترس و تۆقاندنەوە تۆڵە لە جەماوەری مافخواز و تێکۆشەر بکاتەوە. بەڵام ئەم ڕژێمە دەبێ ئەوە بزانێت کە مێژوو و خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان، چەندین جار ئەوەی سەلماندووە کە هیچ ئاستێک لە سەرکوت، ناتوانێ پێشبگرێت بە خەباتی ئازادیخوازانەی ئەو جەماوەرەی کە لە پێناو دەستەبەرکردنی مافە سەرەتایی و ئینسانییەکانی خۆیدا تێدەکۆشێت. یەکریزی و یەکگرتوویی خەڵکی کوردستان زۆر لەوە بەهێزترە کە بەم هەوڵە دزێو و داماوانە، تێکبشکێنرێت.

خەبات لەپێناو ئازادکردنی زیندانیانی سیاسی و بەرگری لە بنەماڵەی زیندانیانی سیاسی، هەنگاوێکی جیددییە لە خزمەت بە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و بنیاتنانی سیستەمێکی کە تێیدا هیچ ئاسەوارێک لە ئێعدام و زیندانیانی سیاسیی بوونی نەبێت. لە وەها هەلومەرجێکدا، یەکگرتوویی کرداری و هاوکاریی بەربڵاو لە دەوری دروشمی داکۆکی لە ئازادیی زیندانیانی سیاسی و هەڵوەشاندنەوەی حوکمی جینایەتکارانە، کارێکی بەکردەوە و کاریگەر دەبێت، پێویستە دەستی کۆماری ئیسلامی لەسەر گیانی ئەو ئازیزە دەستبەسەرکراوانە کورت بکرێتەوە. بەڵام تەنیا ئەو جەماوەرە دەتوانێت کارێکی ئاوا مەزن ئەنجام بدات کە سەرەنجام شووشەی تەمەنی ڕژیم لە دەستی بەتوانای ئەواندایە. تەنیا بە خەباتی یەکگرتووانە و نارەزایەتی بەربڵاوی جەماوەریی دەتوانرێت ڕێژیم ناچار بکرێت کە دەست لەمجۆرە کردەوە نامرۆڤانەیە هەڵبگرێت

**سێیەم**– ئاگربەست لە غەززە، دوای جینۆساید و وێرانکردنی تەواوەتی ئەو ناوچەیە

دوای پانزە مانگ ئاگربەست لە غەززە کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە. ئەو ئاگربەستە لەسەر بنەمای هەمان ئەو ڕێککەوتنە بوو کە جۆبایدن مانگی ئایاری ڕابردوو بە ڕەزامەندی قەتەر و میسر و لەوانە خودی نەتانیاهۆ و ئەرتەشی ئیسرائیل، ڕەشنووسەکەی ئامادەکردبوو و حەماسیش مانگی ژوئەن ڕەزامەندی خۆی لەسەر ناوەڕۆکەکەی ڕاگەیاندبوو. بەڵام ناتانیاهۆ بۆ مانەوەی لە دەسەڵاتدا و پاراستنی هاوپەیمانییە لاوازەکەی لەگەڵ توندڕەوەکانی ناو کابینەکەی، دژایەتی جێبەجێکردنی ئەو ڕێکەوتنەی کرد. بەڵام ئەم ئاگربەستە چەند ڕاستییەکی بە ڕوونی ئاشکرا کرد. یەکەم، ئەوەی کە دەوڵەتی ئەمریکا لە ماوەی پانزە مانگی ڕابردوودا ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی لە بەردەوامی ئەم جینۆسایدە لە ئەستۆ بووە و بەو هۆیەوە، هاوکار و پشتیوانی سەرەکی ئەم جینۆسایدە بووە. ئەوە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە دەوڵەتی ئیسرائیل بەبێ هاوکاری سەربازی و چەک و دارایی و هەواڵگری ئەمریکا نەیدەتوانی زیاتر لە چەند هەفتە درێژە بەم جینۆسایدە بدات. دووەم، ئەرتەشی ئیسرائیل ئامادەیی هەیە بۆ شەڕی کورتخایەن، نەک شەڕێکی درێژخایەن و بەشێنەیی، هەربۆیە هێزەکانی تووشی ماندوویەتی و لەکارکەوتوویی بوون و ئێستا ئەرتەش بۆ بانگهێشتکردنی هێزە یەدەگەکان، لەگەڵ کێشەی جددی بەرەوڕوو بووەتەوە، بەتایبەتی بەهۆی ئەوەی کە ئێستا شەڕەکە تەشەنەی کردووە بۆ بەرەی نوێی وەک لوبنان و سووریەش. سێیەم، بەهۆی ڕەهەندە بەربڵاوەکانی جینۆساید لە غەززە، زیانێکی سیاسی زۆر و بێ وێنە بە ناوبانگی جیهانی ئیسرائیل لە ئاستی نێودەوڵەتیدا گەیشتووە، کە حوکمی دادگای نێودەوڵەتی سەبارەت بە پێشێلکردنی ڕێککەوتننامەی جینۆساید لەلایەن دەوڵەتی ئیسرائیلەوە لە سکاڵاکەی ئەفریقای باشووردا و فەرمانی دەستگیرکردنی نەتانیاهۆ و گالانت لەلایەن دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکانەوە بە تۆمەتی "جینایەتی جەنگی" و هەروەها "تاوان لەدژی مرۆڤایەتی، لە زومرەی نموونەکانییەتی. چوارەم، دەزگای جینۆسایدی ئیسرائیل، سەرەڕای گەیاندنی زیاتر لە پەنجا هەزار کەس زیانی مرۆیی و وێرانکردنی نەوەد لەسەدی بینا و شوێنەکانی نیشتەجێبوونی فەلەستینییەکان، نەیتوانیوە بگات بە دوو ئامانجی سەرەکی خۆی، کە بریتی بوون لە ئازادکردنی بارمتەکان و لەناوبردنی حەماس. گومان لەوەدا نییە کە ئەو ئاگربەستەی ئێستا بۆتە مایەی شادی و خۆشحاڵی بەتایبەت بۆ ئەو خەڵکەی کە لە ماوەی پانزە مانگی ڕابردوودا بە هەزاران ئازیز و دارونەداری خۆیان لەم جینۆسایدە درندانەیەدا لەدەستداوە. بەڵام واقیعییەت ئەوەیە کە حەماس لە ڕووی ناچارییەوە و دەوڵەتی ئیسرائیلیش لەژێر گوشارە نێودەوڵەتییەکاندا ئەم ئاگربەستەیان قبوڵ کردووە. نە فەلەستینییەکان و نە هێزە دژە جینۆسایدەکانی ئیسرائیل لە غەززە، نوێنەری ڕاستەقینەیان لە دانوستانەکاندا نەبوو. سەرەڕای ئەوەی کە سەرجەم جینۆساید و وێرانکارییەکانی غەززە بە هاوکاری ڕاستەوخۆی دەسەڵاتدارانی ئەمریکا و ئەندامانی کابینە و خودی بایدن بەکردەوە دەرهات، بەڵام ئەو هەوڵیدا شانازی ئاگربەستەکە بە ناوی خۆیەوە بکات. هێشتا ڕاستییەکانی پشت ئەم ڕووداوە ئاشکرا نەکراون، بەڵام بەڵگەی زۆر هەیە کە نیشان دەدات نەتانیاهۆ بە ئەنقەست ڕێگەی بۆ هێرشێکی لەو شێوەیە کراوە هێشتبۆوە، بۆ ئەوەی بەو بیانووەوە سیاسەتی دەستدرێژیکارانەی خۆی لە دژی خەڵکی فەلەستین بەرەوپێش ببات. ئاکامە کردارییەکانی هێرشی حەماس و سیاسەتی تۆڵەسەندنەوەی ئیسرائیل لە هەردوولاوە بۆ خەڵکی فەلەستین لە غەززە و تەنانەت لە کەرتی ڕۆژئاواش، کارەساتبار وماڵوێرانکەر بووە. بە جێبەجێکردنی قۆناغی یەکەمی ئەم ئاگربەستە، خەڵکی غەززە دوای پانزە مانگ مەرگ و وێرانی، هەناسەیەکی ئاسوودە هەڵدەکێشن و هاوکاری مرۆیی دەگاتە غەززە بۆ ئەوەی لە برسێتی ڕزگاریان ببێت. هەروەها پێویستە ئەو ڕاستییەش لەبەرچاو بگیرێت کە هیچ

درێژە لە لاپەڕەی ٧

**لاپەڕە فەرمیەکان لە سۆشیال میدیا**

@Komalamedia

@Komala

**ماڵپەری تەلەڤزیۆنی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

Tvkomala.com

**ماڵپەری هەواڵنێری پەیام**

Payaam.net

**ماڵپەڕە حیزبیەکان**

Komalah.org

Cpiran.net

yadihawrean.com

## درێژە ی : پێشڕەوی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا لە سەر بەستێنی پێشهاتە خێراکانی ناوچەکە و جیهان

گەرەنتییەک نییە بۆ ئەوەی کە قۆناغەکانی داهاتووی ئاگربەست جێبەجێ بکرێ و سەرلەنوێ جینۆساید دەست پێنەکاتەوە. قۆناغبەندی ئاگربەست و دواخستنی دیاریکردنی ڕێککەوتنەکان بۆ قۆناغەکانی داهاتووی دانوستانی نێوان لایەنەکان، دەرفەتی ئەوە دەدات بە ناتانیاهۆ و هاوپەیمانەکانی کە بە بیانووی جۆراوجۆر درێژە بە کۆمەڵکوژی و لەناوبردنی غەززە بدەن. هەر ئێستا ئۆپەراسیۆنی ئەرتەشی ئیسرائیل لە جێنین، لە کەرتی ڕۆژئاوا، دەستیپێکردووە، ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخات کە دەوڵەتی نەتانیاهۆ دەیەوێت کەناری ڕۆژئاواش بە هەمان چارەنووسی غەززە دوچار بکات. جگە لەوەش ئەم ئاگربەستە هیچ ئاسۆیەک بۆ کۆتاییهێنان بە داگیرکاری و چارەسەرکردنی پرسی فەلەستین دەستنیشان ناکات. پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە ئێستا، دۆزی فەلەستین جارێکی دیکە بە شێوەیەکی زۆر بەرچاوتر، لە ناوچەکە و جیهاندا بۆتەوە ڕۆژەڤ و هیچ گەڵاڵە و پلانێکی چارەسەر بۆ ئەم گەورەترین قەیرانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ناتوانێت چارەنووسی ئەم نەتەوە ستەملێکراو و ئاوارەیە لەبەرچاو نەگرێت

**چوارەم**- بە دەسەڵات گەیشتنی دۆناڵد ترامپ، لە چوارساڵەی دووەمی سەرۆککۆماریی ئەمریکاد ڕۆژی دووشەممە ٢٠ی ژانویە، دۆناڵد ترامپی ٧٨ ساڵە، وەک یەکەم سەرۆککۆماری ئەمریکا، دوای چوار ساڵ دابڕان، جارێکی تر گەڕایەوە ناو کۆشکی سپی. واقیعییەت ئەوەیە کە دۆناڵد ترامپ کە لە قۆناغی دووەمی پاڵێوراوبوونی بۆ پۆستی سەرۆککۆماریی، توانی بە دەنگێکی زۆر ڕکابەرەکەی شکست پێبێنێت، نەک هەر پشتگیری زۆرینەی خەڵکانی ئایینی و کۆنەپارێزی ئەمریکا و دامەزراوە مەسیحییە ئینجیلیەکان، بەڵکوو پشتیوانی بەشێکی زۆر لە خاوەن کۆمپانیا گەورەکان و ئۆلیگارشی دارایی ئەمریکاشی لەپشتە. حزووری بەرپرسانی کۆمپانیاکانی وەک مێتا، ئامازۆن، تێسلا، ئیلێکس و ئۆبەر، سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن. بە واتایەکی تر، دۆناڵد ترامپ توانیویەتی زۆر لێهاتوانە هاوپەیمانی "دەسەڵات- سەروەت- ئایین" بە قازانجی خۆی ڕێکبخات. خاڵی جێگەی سەرنج ئەوەیە کە زیاتر لە ٣٠ کەس لەوانەی کە ترامپ بۆ پۆستە حکومییەکان هەڵیبژاردوون، لە زومرەی ملیاردێرەکانی ئەمریکان. ئەم سێگۆشەیە دەتوانێت بە پەرەسەندنی بیرۆکەی کۆنەپارێزانە و تەنانەت شێوە فاشیستیش، گۆڕانکارییەکی بەربڵاو لە کۆمەڵگەی ئەمریکادا دروست بکات. ئەمە ڕێک ئەو خاڵەیە کە ڕەوتە پێشڕەو، سیکۆلار، پێشکەوتنخواز و مۆدێرنەکانی کۆمەڵگەی ئەمریکای تووشی شۆک کردووە و ئەگەری پێکهاتنی گۆڕانکاریی بنەڕەتیی لە کۆمەڵگا و لاوازبوونی زیاتری بناغەکانی دێموکراسی لەم وڵاتە، نیگەرانی کردوون. بەڵام ئەوەی بۆ ئێرانییەکان و خەڵکی ناوچەکە گرنگە، بریتییە لە سیاسەتەکانی بەرامبەر بە ئێران و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. یەکەم هەنگاوی ناوبراو واتە گوشار خستنەسەر دەوڵەتی نەتانیاهۆ بۆ قبوڵکردنی ڕێککەوتنی ئاگربەست دوای ساڵێک گەمە و خۆڕاگریی. پێدەچێت سیاسەتی ئەم دەورەیەی ترامپ لە ناوچەکەدا جیاوازتر بێت لە دەورەی پێشووی. ڕەنگە بتوانین چەند خاڵێک لەم گۆڕانکارییە لە سیاسەت و هەڵوێستی ترامپ سەبارەت بە شەڕی ئیسرائیل لە دژی فەلەستین لەبەرچاو بگرین، یەکەم ئەوەی کە سیاسەتی ئاشکرا و بێ شەرمانەی جێنوسایدی ئیسرائیل لە غەززە، خەڵکی عەرەب و موسڵمان و گەنجانی ڕۆژئاوای بەجۆرێک تووڕە کردووە کە لە ئەگەری پشتگوێخستنی، دەتوانێت زۆر مەترسیدار بێت بۆسەر بەرژەوەندییە درێژخایەنەکانی دەوڵەتی ئەمریکا. سیاسەتە کۆمەڵوژییەکانی جۆبایدن بەرامبەر بە ئیسرائیل بەشێکی زۆر لە دەنگدەرانی عەرەب و موسڵمانی لە ویلایەتە سەرەکییەکانی ئەمریکا بەرەولای ترامپ پاڵپێوەنا. دووەم، دەوڵەتە عەرەبییەکانی ناوچەکە لەژێر گوشاری ڕای گشتی وڵاتەکانیان، ناتوانن چاو لە تاوانەکانی ئیسرائیل لە فەلەستین بپۆشن و ئەمەش دەبێتە هۆی پەرەسەندنی گوشارەکانی ئەم بەشە لە دەسەڵاتدارانی عەرەب بۆ سەر ترامپ. ترامپ پەیوەندی ئابووری بەربڵاوی لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا هەیە و پەیوەندی ئەم وڵاتانەش لەگەڵ چین پرسێکە کە ترامپ ناتوانێت لەبەرچاوی نەگرێت. سێیەم، لەناوخۆی ئیسرائیلدا، سیاسەتەکانی نەتانیاهۆ نەیانتوانیوە کۆمەڵگەی ئیسرائیل و لایەنەکانی ناو دەسەڵاتی ئەو وڵاتە یەکبخات. ئاشکرایە کە ئەم دۆخە لەلایەن دەسەڵاتدارانی نوێی ئەمریکاوە چاوپۆشی لێ ناکرێت. بەڵام ئەوەی کە ئایا سیاسەتی ئەو لە بەرامبەر ئێراندا چی دەبێت، وادەردەکەوێت کە ترامپ نایەوێت بچێتە شەڕ لەگەڵ ئێران یان پشتیوانی بکات لە کردەوە شەڕانگێزییەکانی ئیسرائیل لەدژی ئێران و سەرەتا سیاسەتی هەوڵدان بۆ دانوستان و گەیشتن بە ڕێککەوتن پەیڕەو دەکات

**پێنجەم**- دانوستان یان تەسلیمبوون؟ ڕژیم لە بنبەستێکی چارەنووسساز پێشهاتەکانی ئەم دواییە لە سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی و بە تایبەت پلانی "دانوستان و وتووێژی چاوکراوە " لەگەڵ ئەمریکا، نیشانەی پاشەکشەیەکی ئاشکرا و قەیرانێکی قووڵە، کە ئەم ڕژیمەی لە ناوخۆیدا تووشی سەرلێشێواوی کردووە. دوای ساڵانێک لە دروشمی "مەرگ بۆ ئەمریکا" و ئیدیعای وەستانەوە لەدژی "ئیستکباری جیهانی"، ئێستا عەلی خامنەیی و کاربەدەستەکانی بە شێوەیەک قسە دەکەن وەک ئەوەی کە خۆیان بۆ خواردنەوەی جامە ژەهرێکی تر و تەسلیم بوون بە داخوازییەکانی ڕۆژئاوا، بە ئەدەبیاتێکی نوێ و پاساوێکی گونجاو لەگەڵ بارودۆخی ناوخۆیی و ناوچەیی خۆیان، ئامادە کردبێت. سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی، بە تایبەت لە دوای کوژرانی قاسم سولەیمانی، تووشی زنجیرەیەک لە شکست و پاشەکشە بووە. هێزە بە وەکالەتەکانی لە عێراق، سوریە، لوبنان و یەمەن، یەک لە دوای یەک زەبری قورسیان بەرکەوتووە. ئەم لاوازییە نەک هەر لە بەرەکانی شەڕ، بەڵکوو لە بواری دیپلۆماسیشدا بە ئاشکرا دیارە. کۆماری ئیسلامی لەلایەکەوە هەوڵی پاراستنی پاشماوەکانی نفوزی خۆی دەدات و لەلایەکی دیکەشەوە بە مەبەستی کەمکردنەوەی گوشارە سیاسی و ئابوورییەکان، لەگەڵ ئەمەریکا و ڕۆژئاوادا، دەست بە دانوستان و گفتوگۆ دەکات. لە "تۆڵەسەندنەوەی توند"ەوە تا تەسلیمبوونی بێ شەرت و مەرج؛ کۆماری ئیسلامی دوای تیرۆرکردنی قاسم سولەیمانی، چەندین جار جەختی لەسەر "تۆڵەسەندنەوەی توند" کردەوە، بەڵام ئەوەی لە کردەوەدا ڕوویداوە، هیچ شتێک نەبووە جگە لە هەراوهوریایەکی تەبلیغاتی. ئێستا کە جارێکی تر دەنگۆی دانوستان و گفتوگۆ دەبیسترێت، ئاشکرایە کە ڕژیم لە دۆخێکدا نییە کە بتوانێت شەرت و مەرج بۆ بەرامبەرەکەی دیاری بکات، بەڵکوو تەنیا بەدوای کڕینی کات و کەمکردنەوەی گوشارە سیاسی و ئابوورییەکانەوەیە. عەباس عەراقچی وەزیری دەرەوەی ڕێژیم لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ سکای نیوز، دانی بەوەداناوە کە کۆماری ئیسلامی بەبێ مەرجی پێشوەختە ئامادەیە بۆ دانوستان. ئەمە ئەو تەسلیمبوونەیە کە خامنەیی ساڵانێکە لە بەرامبەریدا خۆڕاگریی دەکات، بەڵام ئێستا ناچار بووە قبووڵی بکات. سەرەڕای ئەم پاشەکشانە، مەسەلەی سەرەکی بۆ ڕێژیم تەنیا گوشارە دەرەکییەکان نییە، بەڵکوو ئاخێزە جەماوەرییەکانی نێوخۆی وڵاتە. بزووتنەوە جەماوەرییەکانی مانگی بەفرانباری ٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨ و دواتریش بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی"، ئەوەیان نیشان داوە کە نارەزایەتییەکان لە ئێران، تەنیا داواکاری تەوەر نین، بەڵکوو زۆر بە قووڵی دژی پێکهاتەی دەسەڵاتن. ئەم بزووتنەوانە ئەگەرچی بە شێوەیەکی کاتی سەرکوت کراون، بەڵام دەریانخستووە کە ڕێژیم هیچ شەرعییەتێکی لە نێو جەماوەری خەڵکدا نییە. پەرەسەندنی هەژاری، کەلێنی قووڵی چینایەتی، داڕمانی بەهای ڕیاڵ و بچووکبوونەوەی بەردەوامی سەبەتەی بژێوی خەڵک، کەمبوونی ئاو و کارەبا و پیسبوونی ژینگە، ڕژێمی خستووەتە دۆخێکەوە کە تەنانەت بەشێک لە لایەنگرە تەقلیدییەکانیش لێ دوور کەوتوونەتەوە. لە وەها هەلومەرجێکدا، ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیشی لە هەوڵی لاوازکردنی هەرچی زیاتری کۆماری ئیسلامیدان، بەڵام نەک بە مەبەستی گۆڕانکاری بنەڕەتیی، بەڵکوو بە مەبەستی دەستەمۆکردن و بەچۆکدا هێنان و کەمکردنەوەی زیانەکانی ڕژێم بۆسەر بەرژەوەندییەکانی سەرمایەداریی جیهانی. لە لایەکی دیکەوە، بەشێک لە ئۆپۆزسیۆنی ڕاست، کە بەردەوام چاوی هیوایان بڕیوەتە دەستێوەردانی دەرەکی، هەوڵ دەدەن کە ئەم دۆخە بقۆزنەوە و پرسی تێپەڕبوون لە کۆماری ئیسلامی، لە ئاڵوگۆڕێکی قووڵی کۆمەڵایەتییەوە، بکەن بە "گۆڕینی ڕێژیم" لە پێکهاتەی دەسەڵاتدا. ئەم ڕوانگەیە، هەروەک لە ئەزموونە مێژووییەکانی دیکەشدا بینراوە، نەک هەر ئازادی، دێموکراسی، یەکسانی و خۆشبژێویی کۆمەڵایەتی لێناکەوێتەوە، بەڵکوو تەنیا فۆرمێکی نوێی ستەم و سەرەڕۆیی و نایەکسانی بەرهەم دەهێنێتەوە. ئەمڕۆ تاکە ڕێگای ڕاستەقینەی گۆڕانکاری، نەک دڵخۆشکردن بە دانوستانەکانی ڕژیم لەگەڵ ڕۆژئاوا و دەستێوەردانی دەرەکی، بەڵکوو بریتییە لە ڕێکخستنی هەرچی زیاتری بەشە جۆراوجۆرەکانی چینی کرێکار، ژنان، خوێندکاران و چین و توێژە ستەملێکراوەکانی تری کۆمەڵگا. بزووتنەوە شۆڕشگێڕەکانی ئێران دەبێ بەدیلێکی سۆسیالیستی و دێموکراتیک بەرەوپێش ببەن کە بتوانێت پێکهاتەکانی سەرکوت بەشێوەیەکی بنەڕەتی بگۆڕێت. نابێ خەبات لەپێناو ڕووخانی کۆماری ئیسلامی، لە پرۆژەیەکدا کورت بکرێتەوە تەنیا بۆ جێگرەوەی ڕێژیمێک بە ڕێژیمێکی تر، بەڵکوو دەبێ ببێتە ڕێگایەک بۆ بەدیهێنانی ئازادی، دێموکراسی، یەکسانی و دەسەڵاتداریێتی جەماوەر بەسەر چارەنووسی خۆیاندا. ڕەنگە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بتوانێت بە دانی ئیمتیاز گەلێک بە ڕۆژاوا، تەمەنی خۆی بۆ ماوەیەکی کورت درێژ بکاتەوە، بەڵام مێژوو نیشانی داوە کە هیچ ڕژێمێک ناتوانێت خۆی لە ئیرادەی جەماوەرێکی وشیار و خەباتکار دەرباز بکات

**شەشەم**- کوژرانی دوو کەس لە گەندەڵترین جەلادەکانی دەزگای قەزایی ڕێژیم

کاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی ڕۆژی شەممە ٢٩ی بەفرانبار، هەواڵێک سەبارەت بە کوژرانی دوو دادوەری بەدناو و جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی بە ناوەکانی عەلی ڕازینی و محەممەد موقیسە و بریندار‌بوونی دادوەرێکی دیکە لە دەزگای قەزایی تاران بڵاو بووەوە. ئەگەرچی بێگومان مەرگی ئەم جینایەتکارانە جەماوەر دڵخۆش دەکات، بەڵام پێدەچێت لەگەڵ لاوازبوونی هەرچی زیاتری ڕژیم، کوشتنی لەم چەشنە و تەنانەت حاڵەتی خوێناوی پاکتاوی ناوخۆیی ڕێژیمیش زیاتر ببن. بەڵام سزای ڕاستەقینەی ئەم تاوانبارانە، ئەو کاتە دەبێت کە لەگەڵ ڕووخانی کۆماری ئیسلامی، پەروەندەی جینایەتەکانیان لە دادگا جەماوەرییەکاندا بە وردی بکەوێتە بەر لێکۆڵینەوە، ئەو نهێنیانەی کە لەگەڵ مەرگیان بە شاراوەیی دەمێننەوە، ئاشکرا بکرێن و ئەوان بە چاوی خۆیان ڕسوایی و شەرمەزاری

درێژە لە لاپەڕەی ٨

درێژە ی لاپەڕەی ٧

هەمیشەیی خۆیان لەبەردەم دادگای عادڵانەی جەماوەردا ببینن. سیستەمی قەزایی ئەمڕۆی ئێران کە ئەو دوو تاوانبارە کوژراوە، لە زومرەی کاربەدەستەکانی بوون، یەکێکە لە گەندەڵترین و دژە خەڵکی ترین پایەکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی. ئەم سیستەمە دادوەرییە، لەسەر بنەمای نامرۆڤانەترین و کۆنەپەرستانەترین یاساکانی پاشماوەی سەردەمی نەزانیی لە نیمچە دوورگەی عەرەبستان و دادگا سەدە ناوەڕاستییەکانی ئوروپا، بەڕێوەدەچێت. لەم سیستەمەدا ئەشکەنجەدانی زیندانی بە ناوی "تەعزیر"، دەرگاکانی "بەهەشت" بەرووی ئەشکەنجەگەردا دەکاتەوە. دەستدرێژیکردنە سەر کچان بەر لە لەسێدارەدان، پاداشتی قیامەتە. گەندەڵی لەم سیستەمە بەناو دادپەروەرییە ئیسلامییەدا کە یەکێکە لە پایەکانی ئەم ڕژێمە، ڕیشەی داکوتاوە. بۆگەنی گەندەڵی لەم دەسەڵاتەدا، بەجۆرێک وڵاتی داگرتووە کە نەک کوشتنی ڕازینی و موقیسە، بەڵکوو تەنیا لافاوی شۆڕشی جەماوەر دەتوانێت بیشواتەوە

**حەوتەم-** لەم کاتە چارەنووسسازەی ئێستادا، چەپ لە کوێدا وەستاوە؟ چاوخشاندنێک بەسەر پێشهاتەکانی ئێستای گۆڕەپانی سیاسی ئێران، ئەوە نیشان دەدات کە دەسەڵاتی ئیسلامی، سیاسەتی خۆی لەسەر دوو پایەی پاشەکشە لە سیاسەتی دەرەوە و خۆڕاگریی لە بەرامبەر خەڵکدا بنیاتناوە. واقیعییەت ئەوەیە کە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە لاوازترین ئاستی خۆیدایە. ئەمەش وایکردووە کە وڵاتە ئیمپریالیستییەکان هەوڵ بدەن ئەم ڕژێمە لاوازە، بەرەو خولگەی سیاسەتەکانی خۆیان ئاراستە بکەن. سەرەڕای جەنجاڵی و هەراوهوریای ئۆپۆزسیۆنی ڕاست و بەڕێوەبردنی کۆڕ و کۆبوونەوەی تەبلیغاتی، پێدەچێت کە وڵاتە پاوانخوازەکان ئەو هێزانە وەک ئامرازێک تەنیا بۆ دروستکردنی گوشار لە دانوستانەکاندا بەکار بهێنن و سیاسەتی ئەو وڵاتانە "گۆڕینی ڕژێم" نییە، چونکە قوڵایی و کاریگەری دروشمەکانی ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی "ژن، ژیان، ئازادی" بەجۆرێکە کە ترسی خستووەتە دڵی هەموو دەسەڵاتە پاوانخواز و دژە خەڵکییەکانەوە. لە سەر بەستێنی ئەم هەلومەرجە، هێزە جەماوەرییەکان، چ ئەو بزووتنەوە ڕزگاریخوازانەی کە لەسەر داواکارییە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکان جەخت دەکەنەوە و چ بزووتنەوە داواکاری تەوەرەکان، بە تایبەت لە نێو چینی زەحمەتکێشی کۆمەڵگادا، بەردەوام لەسەر خۆڕێکخستنی خۆیان پێداگری دەکەنەوە. ڕادەی دەستبەسەرکردنەکان و گوشارە ئەمنییەکان ئەوە دەردەخەن کە دەسەڵاتیش ئەو هێزانەی خوارەوەی کۆمەڵگا بە هەڕەشەیەکی گەورە و جددی بۆسەر خۆی دەزانێت. ئاشکرایە کە ئەم وەرچەرخانەی کۆمەڵگا بەرەو چەپ، پێویستی بە ناوەندێکی بەڕێوەبەرایەتی چەپ دەبێت، بەڵام واقیعییەت ئەوەیە کە ئەم هێزە کۆمەڵایەتییە چالاکانە کە بەردەوام دروشمی ڕوون و داخوازییە ورد و بیرلێکراوەکانی خۆیان گەڵاڵە دەکەن، هێشتا نەیانتوانیوە وەڵامی ئەم پێویستییە سەرەکییە بدەنەوە. چەپی ڕێکخراو لە سەرانسەری ئێران، نە هێزێکی ڕێکخراوەیی بەرچاوی هەیە و نە هێشتا ئەو ئامادەکارییەی کردووە کە بتوانێت وەڵامی پێداویستییەکانی بەدیلێکی کاریگەر بداتەوە. ئەم کێشەیە کاتێک بەرچاوتر دەبێت کە هێزە مەیدانییەکانی ناوخۆی وڵات، چ ئەوانەی کە لەسەر داواکارییە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و ئازادییە مەدەنییەکان جەخت دەکەنەوە، چ ئەوانەی کە داواکارییە چینایەتییەکان بەرەوپێش دەبەن، بۆ ڕێکخستنی هەرچی زیاتری خۆیان، لە هەموو کاتێک زیاتر هەست بە پێویستی ئازادییەکان و جێگیرکردنی دێموکراسی دەکەن. واقیعییەت ئەوەیە کە کۆمەڵگا بە خێرایی بەرەوپێشەوە دەچێت و ئەم بەرەوپێشچوونە، یارمەتی بەهێزکردنی چەپی کۆمەڵایەتی دەدات و دەتوانێت گەورەترین دەرفەت بۆ چەپی ڕێکخراوەیی بڕەخسێنێت. ئێستا کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە لاوازترین ئاستی خۆیدایە، دەرفەتێک بۆ هێزە چەپ و پێشکەوتنخوازەکان ڕەخساوە کە بە ڕەخنەگرتن لە ڕابردووی خۆیان و بەشداری و پشتیوانی لە نارەزایەتییەکان، هاوکار بن بۆ بنیاتنان و ڕێکخستنی ناوەندەکانی دەسەڵاتی کرێکاریی و جەماوەریی لە خوارەوە و هەروەها بە پێکهێنانی هاوپشتی لە نێوان خۆیان و بزووتنەوە جۆراوجۆرەکاندا، زەمینەی گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکان خۆش بکەن.

**پرسیاری بنچینەیی لە بەرامبەر هێزە چەپ و سۆسیالیستەکان ئەوەیە کە چۆن دەتوانن لەم دەرفەتە مێژووییە کەڵک وەربگرن و ڕەوتی چەپ لە پەراوێزەوە بێننە ناو جەرگەی گۆڕانکارییە خێرا کۆمەڵایەتییەکان؟**

**بڕووخێ ڕژێمی کۆماری ئیسلامی**
**بژی شۆڕشی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران**
**بژی ئازادی، دێموکراسی و سۆسیالیزم**
**هەیئەتی ئیجرایی ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران (ڕاهی کارگەر) و کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
**پێنجشەممە ١١ی ڕێبەندانی ١٤٠٣ / ٣٠ی ژانوییەی ٢٠٣٥**

****

# تەنیا بە زەبری هێز دەتوانرێت لانیکەمی حەقدەستی گونجاو بسەپێندرێت



وەزیری کار لە پەراوێزی کۆبوونەوەی کابینە لە ڕۆژی ١٠ی ڕێبەندان وتی:"ئێستا خەریکی وەرگرتنی ڕاوبۆچوونی لایەنەکانی کرێکاران و خاوەنکارەکانین بۆ بڕیاردان لە شۆڕای باڵای کار، بۆ ئەم مەبەستەش بانگەوازێکمان بڵاوکردۆتەوە". لەم بانگەوازەدا، لە بەناو چالاکانی کرێکاری و خاوەنکارەکان بانگهێشت کراوە بۆ ئەوەی ڕاوبۆچوونی خۆیان سەبارەت بە دیاریکردنی لانیکەمی حەقدەستی ساڵی ١٤٠٤ پێشکەش بکەن. پێویستە ئەو سەرنج و بۆچوونانە تا ٢٠ی ڕێبەندان بگاتە دەستی ئەو شۆڕایە. یەکێک لەو بەناو چالاکە کرێکاریانە دەڵێت "لەبری بانگەواز و بەفیڕۆدانی کات، یاسای کار بەشێوەیەکی دروست جێبەجێ بکەن". ئەو هەروەها ڕوو بە وەزیری کار دەڵێت: "ئێمە کتێبێکمان هەیە بە ناوی کتێبی یاسای کار و هەموو بابەت و زانیارییەکانیش لە کۆبوونەوەکانی شۆڕای باڵای کاردا کە پێکدێت لە حکوومەت و خاوەنکار و کرێکاران، جێگیرکراون". بە وتەی ئەم هەڵسووڕاوە، لە یاسای کاردا هاتووە کە لانیکەمی حەقدەست دەبێت پێداویستییەکانی ژیانی بنەماڵەیەکی چوار کەسی دابین بکات و دەڵێت: "بە باوەڕی من دەبێ حەقدەستەکان بەرزتر لە ئاستی هەڵاوسان لەبەرچاو بگیرێت، چونکە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا زیادکردنی حەقدەستەکان کەمتر بووە لە ڕێژەی ڕاگەیاندراوی هەڵاوسان و ئەوەش وایکردووە کەلێنی گەورە لەنێوان حەقدەست و بژێوی خەڵکدا دروستبێت و کرێکارانیش نەتوانن بژێوی ژیانیان دابین بکەن". ئەو جگە لە پێویستی زیادکردنی لانیکەمی حەقدەست هاوتەریب لەگەڵ هەڵاوسان و تێچووی ڕاستەقینەی ژیان، خوازیاری بیمەی سەرجەم کرێکاران دەبێ و دەڵێت: بیمە بۆ هەموو پیشەکان ناچارییە. پێویستە بیمەی خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتیشمان هەبێت بۆ پێشە ئینتەرنێتییەکان. ئەو وێڕای ئاماژە بەوەی کە نزیکەی ٦ ملیۆن کرێکار لە وڵاتدا هەن کە هیچ بیمەیەکیان نییە، دەڵێت کە ٢ ملیۆن کەس لە پیشە ئۆنلاینەکاندا کار دەکەن کە لە هیچ بیمەیەک بەهرەمەند نین.

مامۆستایەکی زانکۆش وێڕای ئاماژە بەوەی کە خواستی حەقدەست پێویستی بە ڕاپرسیی نییە، دەڵێت: خاوەنکارەکان بە زیادکردنی لانیکەمی حەقدەست بە ڕێژەی هەڵاوسانی ڕاستەقینە و بەڕێچوونی ژیان ڕازی نابن و هەوڵیش دەدەن بە شێوازی جۆراوجۆر خۆیان لە پێدانی حەقدەست بەدوور بگرن. ئاماژەکانی ئەم مامۆستایە دەریدەخات کە لە زومرەی ئەو کەسانەیە کە باوەڕی هەیە بە پێویستی زیادکردنی توانایی کڕینی کرێکاران، بۆ ئەوەی ئابووری گەشە بکات، بەڵام پێی وایە کە دەوڵەت دەبێ زیادکردنی لانیکەمی حەقدەستەکان قبوڵ بکات. هاوکات دان بەوەشدا دەنێت کە لە هەلومەرجی ئێستادا دەوڵەت هیچ داهاتێکی نییە. ئەو دەڵێت کەسانێکی زۆر دارا و دەوڵەمەند هەن کە دەتوانن بەپێی سامان و داهاتەکانیان باج بدەن، بەڵام نایکەن. ئەم باجانە دەتوانن زۆر کێشە و گرفت و لەوانە کەمی حەقدەستەکان چارەسەر بکەن. بێگومان ئەم مامۆستایەش وەک زۆر کەسی تر، دارا و دەوڵەمەندەکان دەناسێت، بەڵام ئاماژەیان پێ ناکات. ناوەندی جێبەجێکاری فەرمانی ئیمام، بونیادی موستەزعەفان، بونیادی تەعاونی سپا و ناجا و هەروەها بونیادی تەعاونی ئەرتەش کە لە دەست خامنەیی و هێزە سەرکوتگەرەکاندان، لە زومرەی ناسراوترین خاوەنانی ئەو سامانە بەتاڵان براوەن.

کرێکارانی وشیار، خەباتکار و هەڵسووڕاوانی کرێکاری و کرێکارانی خانەنشینیش ئەم واقیعییەتە دەناسن. بەڵام هاوکات زیندان و ئەشکەنجە و پەروەندەسازی لەلایەن دادوەرە گەندەڵ و لێکۆڵەرە جەلادەکانیش دەناسن. ئەوان هەموو مانگێک بە پانتایی جوگرافیای ئێران بەشداری سەدان مانگرتن و ئاکسیۆن دەکەن و خواستی زیادکردنی حەقدەست و باشترکردنی بژێوی ژیانی خۆیان و بنەماڵەکانیان دەخەنەڕوو هەرچەندە ئەم ئاکسیۆنانە کەمتر بوونەتە هۆی زیادکردنی حەقدەست یان باشترکردنی ژیانی کرێکاران، بەڵام ئاستی وشیاری کرێکارانی بەشداربووی ئەو ئاکسیۆنانەیان بەرزتر کردووەتەوە و بۆتە هۆی ئەوەی کە هەڵسووڕاوانی ئەو بوارە یەکتر باشتر بناسن. لە هەناوی ئەوەشدا، خەباتی ڕێکخراوە کرێکارییەکان شکڵ دەگرێت و یەکگرتوویی و لێکنزیکبوونەوەی زیاتر دابین دەبێت. لە ئێستادا ئەم یەکگرتووییە لە ناو خانەنشینەکاندا زیاتر بەرچاو دەکەوێت، چونکە ناتوانرێت خانەنشینەکان دەرکرێن. بەڵام سێبەری ترسی هەڕەشەی لەسەرکار دەرکردن و نەدانی حەقدەست لە کاتی خۆیدا و زیندانیکردن لەلایەن خاوەنکارانەوە، بەردەوام بەسەر سەری کرێکاراندا دەسووڕێتەوە. کۆمەڵانی خەڵکی ئازادیخواز و نارەزای، پشتیوان و داکۆکیکاری باشترکردنی توانایی کڕینی کرێکاران، پاراستنی کەرامەت و دابینکردنی مافە دێموکراتییەکانیانن هاوشێوەی هاوڵاتیانی تر. ئەو دز و گەندەڵانەی کە سەروەت و سامانی بێشوماری ئێرانیان بە شێوازی جۆراوجۆر تاڵانکردووە، تەنها بە هێزی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار دەتوانرێت ناچار بکرێن کە زاری کیسەکانیان بکەنەوە. ئەگینا هەروا بەردەوام دەبن لە چەوسانەوە و برسی هێشتنەوەی کرێکاران. وتە پووچ و بێ بنەماکانی وەزیری کار و بەناو چالاکانی کرێکاری شۆڕا ئیسلامییەکانی کاریش، تەنیا زیان دەگەیەنن و هیچی تر

****

# پێویستی یەکگرتوویی کرداری و هاریکاریی بەربڵاو لە دەوری دروشمی دیفاع لە ئازادیی زیندانیانی سیاسی







دوابەدوای مانگرتنی گشتی شکۆدار و بەربڵاوی خەڵکی کوردستان لە ٣ی ڕێبەندانی ١٤٠٣، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەستیکردووە بە دەستبەسەرکردنی ژمارەیەک لە هەڵسووڕاوانی ئاشکرا و مەدەنی بوارە جیاجیاکان لە شارە جۆراوجۆرەکانی کوردستان. ئەم دەستگیرکردنانە لە کاتێکدایە کە لە ماوەی دوو مانگی ڕابردوودا نزیکەی ١٠٠ چالاکی مەدەنی و سیاسی بە بیانووی جۆراوجۆر دەستبەسەر کراون. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی کە لە یەکریزی و ئیرادەی پۆڵایینی خەڵکی کوردستان کە نمونەیەکی درەوشاوەیمان، لە مانگرتنی گشتی ڕۆژی چوارشەممەدا بینی دەترسێت، دەیەوێت لە ڕێگەی سەرکوت و ترس و تۆقاندنەوە تۆڵە لە جەماوەری مافخواز و تێکۆشەر بکاتەوە. بەڵام ئەم ڕژێمە دەبێ ئەوە بزانێت کە مێژوو و خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان، چەندین جار ئەوەی سەلماندووە کە هیچ ئاستێک لە سەرکوت، ناتوانێ ڕێگری بکات لە ئیرادەی بەکۆمەڵ، لە ساتەوەختە هەستیارەکاندا و پێشبگرێت بە خەباتی ئازادیخوازانەی ئەو جەماوەرەی کە لە پێناو دەستەبەرکردنی مافە سەرەتایی و ئینسانییەکانی خۆیدا تێدەکۆشێت. یەکڕیزی و یەکگرتوویی خەڵکی کوردستان زۆر لەوە بەهێزترە کە بەم هەوڵە دزێو و داماوانەیە، تێکبشکێنرێت

کۆماری ئیسلامی لە هەلومەرجێکدا دەستدەداتە ئەم هەوڵە دزێو و داماوانە، کە لەگەڵ چەندین قەیرانی قووڵ و چارەهەڵنەگردا بەرەوڕووە. لە ناوخۆی وڵاتدا لەگەڵ شەپۆلی خەباتی داواکاری تەوەری کرێکاران، خانەنشینان، پەرستاران و دادخوازان بەرەوڕووە. ئەم ڕێژیمە هیچ شەرعیەتێکی نییە و لەسەر دەریایەک لە نەفرەت و بێزاریی جەماوەر، ئەم وڵاتە بەڕێوە دەبات.

هاوکات لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران، ئەو هێزانەی کە بڕیار بوو قووڵایی ئەمنییەتی ڕێژیم دابین بکەن، یەک لە دوای یەک شکست دەهێنن و چیتر توانایی دابینکردنی پێداویستییەکانی مانەوەی ڕێژیمیان نییە. کۆماری ئیسلامی توانایی بەرپەرچدانەوەی شەپۆلی خەبات و ناڕەزایەتی جەماوەری نییە، خەڵکی کوردستان ئەم قۆناغەیان تێپەڕاندووە و ڕێژیم ناتوانێت ئەو کەشی ترس و تۆقاندنەی کە مەبەستییەتی، بەسەر کۆمەڵگادا زاڵبکات. کۆمەڵانی خەڵکی نارازی و بێزار لە کۆماری ئیسلامی، لە بەرامبەر ئەم شەپۆلی دەستبەسەرکردنانە لە کوردستان بێدەنگ نابن. خەڵکی کوردستان، لە هەنگاوێکی مەدەنیدا، بە مانگرتنی گشتی خۆیان لە دژی دەرکردنی سزای نامرۆڤانەی لەسێدارەدان بۆ ئەو کەسانەی کە نەک هەر ئەو سزایە، بەڵکوو تەنانەت گرتن و زیندانیکردنیشیان، کردەوەیەکی جینایەتکارانە و دژە مرۆییە، ناڕەزایەتییان دەربڕی

واقیعییەت ئەوەیە کە حکوومەتی ئیسلامی، بەبێ بوونی زیندان و زیندانیی سیاسیی، یەک ڕۆژ لە دەسەڵاتدا نامێنێت. بۆیە خەبات لەپێناو ئازادکردنی زیندانیانی سیاسی و بەرگری لە بنەماڵەی زیندانیانی سیاسی، هەنگاوێکی جیددییە لە خزمەت بە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و بنیاتنانی سیستەمێکی کە تێیدا هیچ ئاسەوارێک لە ئێعدام و زیندانیانی سیاسیی بوونی نەبێت. بێ گومان لەگەڵ ڕووخانی حکوومەتی ئیسلامی، دەرگای زیندانە سیاسییەکان تێکدەشکێن و ئەو ئینسانە شەریفانەی کە لەپێناو گەیشتن بە ئازادی و دادپەروەریدا ئەشکەنجە و مرگیان قبوڵ کردووە، بە شانازییەوە دەگەڕێنەوە ناو باوەشی جەماوەر. بەڵام تا ئەو ڕۆژەی دەرگای زیندانەکان دەکرێنەوە، پێویستە ئەو ملیۆنان جەماوەرە نارازییە، لە هیچ هەوڵێک بۆ ڕێگریکردن لە لەسێدارەدان و ئەشکەی زیندانیانی سیاسی و ئازادکردنیان، درێغ نەکەن. دەبێ دروشمی ئازادی سەرجەم زیندانیانی سیاسی، لە هەموو شوێنێک دەنگ بداتەوە. نابێ هیچکەس بە تاوانی خەبات لەپێناو مافەکانیدا، بە تاوانی ناڕەزایەتی بەرامبەر بە نەهامەتییە ئابووری و ستەم و سەرکوتگەرییەکانی ئێستا، یان بە تاوانی هەبوونی بیروباوەڕی جیاواز و کار و چالاکیی سیاسی، بگیرێت و زیندانی بکرێت

ئەگەر بڕیارە کەسێک بخرێتە کونجی زیندانەکان، ئەوە، تاوانباران و سەبەبکارانی ئەم دۆخەی ئێستان کە دەبێ بکەونە زیندان، واتە هەمان ئەو کەسانەی کە منداڵانی خەڵک زیندانی دەکەن و ئەشکەنجەیان دەدەن، هەر ئەو کەسانەی کە جگەرگۆشەکانی خەڵک دەکوژن و لە گۆڕە بێ نیشانەکاندا دەیاننێژن، واتە ئەوانەی کە سەروەت و سامانی کۆمەڵگا بەتاڵان دەبەن و ئەم بارودۆخە پڕ لە ئازار و بێبەشی و بێ مافییەیان بەسەر خەڵکدا سەپاندووە. لە وەها هەلومەرجێکدا، یەکگرتوویی کرداری و هاوکاریی بەربڵاو لە دەوری دروشمی داکۆکی لە ئازادیی زیندانیانی سیاسی و هەڵوەشاندنەوەی حوکمی جینایەتکارانە، کارێکی بەکردەوە و کاریگەر دەبێت، پێویستە دەستی کۆماری ئیسلامی لەسەر گیانی ئەو ئازیزە دەستبەسەرکراوانە کورت بکرێتەوە، بەڵام تەنیا ئەو جەماوەرە دەتوانێت کارێکی ئاوا مەزن ئەنجام بدات کە سەرەنجام شووشەی تەمەنی ڕژیم لە دەستی بەتوانای ئەواندایە. تەنیا بە خەباتی یەکگرتووانە و ناڕەزایەتی بەربڵاوی جەماوەریی دەتوانرێت ڕێژیم ناچار بکرێت کە دەست لەمجۆرە کردەوە نامرۆڤانەیە هەڵبگرێت

****

# داهاتووی ڕۆژئاوا لە گرەوی خۆڕاگریی هێزە شۆڕشگێڕەکاندایە

بەگوێرەی میدیاکانی ڕۆژئاوا، ئەرتەشی تورکیە و جیهادییەکانی ژێر فەرماندەیی و پشتیوانی، ڕۆژی دووشەممە ٢٤ی بەفرانبار، هێرشە شکستخواردووەکانی لە مێحوەرەکانی کۆبانی و مەنبەج و لە ڕێگەی زەوی و ئاسمانەوە بە مەبەستی گرتنی بەنداوی تشرین دەستپێکردەوە. بەگوێرەی ئەم ڕاپۆرتانە، ئەو هێرشە لەلایەن هێزەکانی سوریای دێموکرات،(قەسەدە)، یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) و یەکینەکانی پاراستنی ژنان (یەپەژە)وە تێکشێندراوە و سەرەڕای کوشتنی دەیان کەس و لەناوبردنی تانک و ئوتۆمبیل و کەرستەکانی شەڕ، هێزەکانی دوژمنیان ناچار بە پاشەکشە کردووە. لەو شەڕەدا ٧ شەڕڤانی قەسەدەش گیانیان لەدەستدا کە لە نێو تورەیی و خەم و پەژارەی جەماوەردا بە خاک سپێردران. بەشداربووانی ڕێوڕەسمەکە جەختیان کردەوە کە تا سەرکەوتن و تێکشکاندنی بە تەواوەتی ئەرتەشی جینایەتکاری تورکیە و هێزە بەکرێگیراوەکانی، درێژە بە خۆڕاگریی خۆیان دەدەن. "بەرخۆدان قامیشلو، شەڕڤانێکی کوردی یەپەژە، کە ماوەی ٣٧ ڕۆژە لە بەنداوی تەشرین خۆڕاگریی دەکات، لەو بارەیەوە وتی، لەم دواییانەدا هێرشەکانی دەوڵەتی داگیرکەری تورکیە و هێزە بەکرێگیراوەکانی، پەرەی سەندووە و بە فڕۆکەی جەنگی و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و چەکی قورس هێرش دەکەن. بەڵام سەرەڕای بەهرەمەندبوونی دوژمن لە نوێترین ئیمکاناتی تەکنیکی، ئەم هێرشانە بەرپەرچدراونەتەوە. ناوبراو لە درێژەی لێدوانەکەیدا وتی: "بەرخۆدانێکی مێژوویی لە بەرامبەر ئەم هێرشانەدا بەڕێوە دەچێت" و جەختیشی لەوە کردەوە کە دەوڵەتی داگیرکەری تورکیە و هێزە جینایەتکارەکان، کوژراو و برینداریکی زۆریان لێکەوتووەتەوە. ئەوان ناتوانن لە بەرامبەر خۆڕاگریی ئێمەدا دەوام بهێنن و چەک و چۆڵ و کەرەستە نیزامییەکانی خۆیان جێدەهێڵن و ڕادەکەن شیراز نزال، یەکێک لە شەڕڤانانی عەرەب و ئەندامی (قەسەدە)ش، ئاماژەی بە ورەی بەرزی شەڕڤانان کرد و وتی، دەوڵەتی تورکیە و هێزە بەکرێگیراوەکانی، سەرەڕای بەهرەمەندبوون لە فڕۆکەی جەنگی و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و تانک و چەکی قورس، بەڵام ناتوانێت ئیرادەی ئێمە بشکێنێ و دوژمن لە هێرشەکانی پەشیمان دەبێتەوە. ئێمە بەردەوام خۆڕاگرییمان کردووە و دەست لە بەرخۆدان هەڵناگرین. جەمیلە شاهین، دایکی یەکێک لە شەڕڤانانی گیانبەختکردوو وتی، کچ و کوڕەکانمان لە پێناو ئازادیدا خۆڕاگریی دەکەن. ئێمە لەم ڕێبازەدا و لە پێناو ئازادی، گیانمان دەبەخشین.ئامینە مستەفا، وتەبێژی ژنانی ناوچەی چەڵەبیش، وتی کە کۆبانی وەک ئێسکێک لە قوڕگی (دەوڵەتی تورکیە و هێزە تاوانبار و بەکرێگیراوەکانی)دا گیر دەکات. هەروەک چۆن بەشار ئەسەد ڕووخا، دەوڵەتی تورکیەش دەڕووخێت. ناوبراو هەروەها وتی، ئێمە بە ورد و درشتمانەوە پشتیوانی لە هێزەکانمان دەکەین لە بەرامبەر ئەم ژن و پیاوە خەباتکارانەدا، کەسانێکی خۆبەدەستەوەدەری ڕێکخراو و ناڕێکخراویش لە نێو دانیشتوانی ناوچەکەدا هەن کە داهاتوویەکی گەش بۆ ئەو سیستەمە خۆبەڕێوەبەرییە بەدی ناکەن و پێیانوایە کە ئەو خۆڕاگرییە هیچ ئاکامێکی ئەوتۆی نابێت. هاوکات هێزە تازە بەدەسەڵات گەیشتووەکانی دیمەشقی پایتەختی سووریەش، لەبری وەڵامدانەوە بە شێوەیەکی ئەرێنی بە بانگەوازی خۆبەڕێوەبەری دێموکراتیکی باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریە (ڕۆژئاوا) بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی دێموکراتیک لەو وڵاتە، دەست دەکەن بە پیلانگێڕی لە دژیان. بۆ نموونە ڕۆژی هەینی ١٠ی ژانویە، ئەم بەناو دەوڵەتە نوێیە ڕایگەیاند کە بەڕێوەبەرایەتی ئەمنییەتی گشتی، ڕێگری لە ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو کردووە کە لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی سوریای دێموکراتەوە بەرەو شاری حەلەب دەهات. قەسەدە دەستبەجێ بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و وێڕای ڕەدکردنەوەی ئەو تۆمەتە، ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ یارمەتیدان بە ڕوونکردنەوەی ڕاستییەکان. لە درێژەی بەیاننامەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە مەودای نێوان ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی قەسەدە و ناوچەی حەلەب، پڕە لە گرووپ و تاقمی چەکداری سەر بە ئانکارا، کە بوونی ئەمنییەت و سەقامگیریی لە بەرژەوەندی خۆیاندا نابینن. خۆبەڕێوەبەری دێموکراتیکی باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریە (ڕۆژئاوا)ش ڕۆژی شەممە ٢٢ی بەفرانبار، داوای لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد کە دەوڵەتی تورکیە ناچار بکەن بۆردومانکردنی بەنداوی تیشرین ڕابگرێت. لە بانگەوازەکەدا جەخت لەوە کراوەتەوە کە هێزەکانی (قەسەدە) ڕێگە بە ئەرتەشی تورکیە و بەکرێگیراوەکانی نادەن دەست بەسەر ئەم بەنداوە گرنگەدا بگرن، بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە کە بەنداوەکە بەهۆی بۆردومانەکانی تورکیەوە بشکێ و بەهۆیەوە، جگە لە زیانی گەورەی ژینگەیی، دەبێتە هۆی دروستبوونی لافاوی بەربڵاو و زیانێکی زۆری مرۆڤی لێدەکەوێتەوە و ژێرخانی ناوچەکە لەناو دەبات. ئەم خۆبەڕێوەبەرایەتییە جگە لە داوای هاوکاری لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، شاندێکیشی بە مەبەستی ڕاکێشانی سەرنج و هاوکاری هێزە خەباتکارەکان، ڕەوانەی پارچەکانی دیکەی کوردستان کردووە. دروشمی بەرپرسانی ئیدارەی خۆبەڕێوەبەری دێموکراتیک ئەوەیە کە، داهاتووی ڕۆژئاوا لە گرەوی خۆڕاگریی هێزە شۆڕشگێڕەکاندایە! تا ئەو کاتەی کە ئەم جەماوەرە پشتیوانی هێزە پێشڕەو و خەباتکارەکانی خۆیان بن و بە مەرجێک بەهۆی هەڵاواردنەوە، کەلێنێک لە نێوان جەماوەر و هێزی دەسەڵاتداردا دروست نەبێت و هەروەها پرسی خراپ بەڕێوەبردن نەیەتە ئاراوە و خەڵک لە دەسەڵات نامۆ نەبن، ئەم بەرخۆدانەش بەردەوام دەبێت

****

# یاسای حیجابی زۆرەملێ، بە کردەوە خرایە ناو زبڵدانی مێژووەوە



وەزیری فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی ڕۆژی دووشەممە ٢٤ی بەفرانبار، کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ ڕۆژنامەنووسانی دەستەبژێر بەڕێوەبرد. لەم کۆبوونەوەیەدا پەیامنێرێک سەبارەت بە یاسای حیجابی زۆرەملێ پرسیارێکی ئاراستە کرد. ئەو وتی کە یاساکە وەدوا کەوتووە و لەبری ئەو قسە لە پرۆژە یاسایەک دەکرێت. ناوبراو جەختی کردەوە کە شۆڕای فەرهەنگی گشتی، بەگوێرەی هەمان پەسەندکراوەکانی پێشوو بەردەوام دەبێت تا ڕێگایەکی نوێ دەستنیشان دەکرێت، جا پرۆژە یاسا بێت یان یاسایەکی نوێی پارلمان. هەر لەو ڕۆژەدا سەدیقەی وەسمەقی و نیرگس ستوودە دوو هەڵسووڕاوی ناسراوی بزووتنەوەی ژنان، ڕاگەیەندراوێکیان بڵاو کردەوە و تیایدا وێڕای ئیدانەکردنی یاسای حیجابی زۆرەملێ، خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی بوون. ئەوان نووسیبیان، گەیشتن بە ئێرانێکی دێموکراتیک و زاڵبوونی خەڵک بەسەر چارەنووسی خۆیاندا، پێویستی بە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی بەهێز هەیە کە بتوانێت شێلگیرانە لە پێناو دەستەبەرکردنی ویست و داواکارییەکانیاندا تێبکۆشن، تا ئەو کاتەی کە بە تەواوی بەدی دەهێنن. ئەوان وێڕای بێ بایەخ لەقەڵەمدانی ئەو یاسایە، لەسەر پێویستی بەشداریکردنی وەرزشوانانی ژن بەبێ حیجاب لە یاری و کۆڕ و کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکاندا جەختیان کردەوە و ئەوەیان بە نیشانەیەکی گرنگ لە سەرکەوتنی ژنانی ئێران زانی. ئەم دوو هەڵسووڕاوەی بواری مافەکانی ژنان نووسیویانە: " چاوەڕوانی ئێمە لە کۆمەڵگەی وەرزشی ئێران، بەتایبەت وەرزشوانانی پیاو، ئەوەیە کە شانبەشانی وەرزشوانانی ژن لە پێناو لابردنی سەرجەم سنووردارکردنەکان، لەوانە لابردنی حیجابی زۆرەملێ، تێبکۆشن". یاسای مردووی حیجاب بۆتە کەمپەینێک لە نێوان زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی ئێران و بازنەی بەرتەسکی دەسەڵات لە لایەک و ڕیفۆرمخوازە بەناو لیبراڵەکان لە لایەکی ترەوە. لەم نێوەدا بەرەیەکی سێهەمیش هەیە کە بریتییە لە بەرەی جەماوەری خەباتگێڕ و ئازادیخواز، بەرەیەکی کە بەردەوام خەریکە گەشە دەکات و بەهێز دەبێت. گوشارەکانی ئەم بەرەیە وایکردووە کە سەرجەم باڵەکانی ڕیفۆرمخوازان، پێمانوابێت یاسای حیجابی زۆرەملێ ناتوانێت بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

دەوڵەتی پزیشکیانیش وتی کە ناتوانێت جێبەجێی بکات و بڕیارە بەدیلێک لە جێگەی ئەو یاسایە پێشنیار بکەن. گۆیا ئێستا ئەو یاسایەی کە وەزیری ناوخۆ بە پرۆژە یاسای دەزانێت نەک بە یاسا، ڕادەستی شۆڕای باڵای ئەمنییەتی میللی کراوە. بەڵام بازنەی بەرتەسکی دەسەڵات هەموو هەوڵێک دەدات بۆ ئەوەی کە حیجابی ئیسلامی وەک هێمای دەسەڵاتەکەی لە کۆمەڵگادا، بەسەر ژنانی ئێراندا بسەپێنێت. بەڵام ئەمە وەک ئەوە وایە کە بزمارێک بە ئاسندا بکوتی. ژنانی تێکۆشەر و پیاوانی ئازادیخواز، کە زۆرینەیەکی ڕەها پێکدەهێنن، یاسای حیجابیان تێپەڕاندووە و خەریکی بەدەستهێنانی سەرکەوتنی زیاترن لە گۆڕەپانە نوێیەکاندا بزووتنەوەی ژنان لە ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی "ژن، ژیان، ئازادی"دا، بە سووتاندنی سەرپۆش و حیجابی زۆرەملێ و سەماکردن لەسەر شەقامەکان و فڕێدانی عەمامەی سەری ئاخوندەکان لەپێش چاوی جەماوەر، هێز و توانایی دەسەڵاتدارانیان لەگەڵ ئاڵەنگارییەکی جددی بەرەوڕوو کردەوە. ئەمڕۆ ژنانی خەباتگێڕ و ئازادپۆش لە درێژەی ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ژینادا، پیاوسالاریی و ئیسلامی سیاسییان کردووەتە ئامانج و بە سەپاندنی بەکردەوە و تاڕادەیەکی مافی تەڵاق لە کۆمەڵگادا، هەوڵی لاوازکردنی پیاوسالارییان داوە. ژنان بە کارکردن و پشتبەستن بە خۆیان لە ڕووی ئابوورییەوە، ئەو بنەما سەرەکییەی پیاوسالارییان بردووەتە ژێر پرسیار کە گۆیا پیاوان تاکە دابینکاری بژێوی بنەماڵەن. بەرزبوونەوەی پێگەی ژنان و هەڵسوکەوتی یەکسان لەگەڵ کچان و کوڕانیش لەناو بنەماڵەکاندا، یەکێکە لە دەستکەوتە بەرچاوەکانی دیکە. گومان لەوەدا نییە کە لە ئەگەری بەردوامبوون و گەشە و پەرەسەندنی ئەو خەباتەی ئێستای ژنان، بەشێک لە بۆرژوازی و نوێنەرانی سیاسییان لە ئێران، ناچار دەبن پوتانسێلی قبوڵکردنی دەستکەوتەکانی تا ئێستای ژنان لە بواری جل و بەرگی ئازاد لەخۆیان نیشان بدەن و لە فەرهەنگ و تەنانەت یاساکانیشیاندا بیگونجێنن. جل و بەرگی ئازاد، مافێکی سەرەتاییە کە لە سەرانسەری جیهاندا قبوڵکراوە، جگە لە حکوومەتە ئیسلامییەکانی ئێران و ئەفغانستان. کەواتە دەبێ ئەم قۆناغەش تێپەڕ بکرێت. پێویستە خەبات و تێکۆشانەکان بەرەو دەستەبەرکردنی مافی ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش ئاراستە بکرێن و بۆ نموونە لە پێناو هەڵوەشاندنەوەی بازاڕی نافەرمی کاری ژناندا خەبات بکرێت. پێویستە ژنانی کرێکار لە هەموو ئەو مافە یاساییانە بەهرەمەند بن کە ئەمڕۆ بەتەواوی لێی بێبەشن. دەبێ دابینکردنی دەرفەتی یەکسان بۆ کاری هەمیشەیی و ڕاهێنانی ژنان لە ئاستێکی بەرزدا، یەکێک لە ئەرکە لەپێشینەکان بێت. پێویستە بە سەپاندنی یاسای گونجاو و پێکهێنانی ڕێکخراوی کرێکاری بۆ چاودێریکردن، ڕێگری بکرێت لە هەر چەشنە کەڵک وەرگرتنێکی خراپ لە ژنان لە ناوەندەکانی کار لەلایەن خاوەنکارانەوە. بزووتنەوەی ژنان کە یەکێک لە ویست و داواکارییەکانی بریتییە لە زاڵبوون بەسەر چارەنووسی خۆیدا، ناتوانێت تەنیا بە دەستەبەرکردنی ئەو شتانەی کە پێشتر ئاماژەیان پێکرا، قەناعەت بکات، بەڵکوو دەبێت بە خەبات و تێکۆشان لەم قۆناغەش تێپەڕ بێت. ژنان ناتوانن چارەنووسی خۆیان بەدەستەوە بگرن مەگەر ئەو کاتەی کە کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێشی ئێران، بەسەر چارەنووسی خۆیاندا زاڵ بن لە هەلومەرجێکدا کە کۆمەڵگای ئێران لەبەردەم گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیدابیە و هەرکام لە چین و توێژەکان و هێزە سیاسی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، لە هەوڵدان و تێدەکۆشن بۆ ئەوەی مۆرکی خۆیان لەسەر پێشهاتەکان بدەن، بزووتنەوەی ژنانیش نابێ لەم پێشبڕکێیەدا جێ بمێنێت. حکوومەتی ئیسلامی بۆرژوازیی ئێران لە گێژاوی قەیرانی زۆر گەورە و چارەهەڵنەگردا گرفتار بووە و لەوپەڕی بێ تواناییدا هەوڵی ڕزگارکردنی خۆی دەدات. نابێت دەرفەتی پێویست بەم دەسەڵاتە چەوسێنەر و ستەمکارە بدرێت بۆ ئەوەی بتوانێت خۆی لەم گێژاوە دەرباز بکات. بەڵام ئەو چینەی کە زۆرترین بەرژەوەندی لە نەمان و لەگۆڕنانی تەواوەتی دەوڵەتی چینایەتی بۆرژوازی دەسەڵاتدار لە ئێران هەیە، چینی کرێکارە. ژنان و پیاوانی ئەم چینەن کە هاوپەیمانی سەرەکی بزووتنەوەی ژنانن. لەم قۆناغەدا پێویستە بزووتنەوەی ژنان هاوتەریب لەگەڵ هەوڵدان بۆ لەگۆڕنانی یاسای حیجاب، لە هەوڵی یەکریزی و یەکگرتوویی لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاریدا بێت. لەم هەلومەرجەدا پێویستە هەوڵ بدرێت حکومەتێکی داکۆکیکاری مافی کرێکاران و زەحمەتکێشان دابمەزرێت. لە ڕەوتی خەباتێکی لەو چەشنەدایە کە یاسای حیجابی زۆرەملێ، جێگەی شایستەی خۆی لەناو زبڵدانی مێژوودا دەبینێتەوە

****

# دۆخی بەساڵاچووان لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی ئیسلامیدا

فاتمە کەریمخان، پەیامنێری ئیعتماد، ڕۆژی دووشەممە ٨ی ڕێبەندان، ڕاپۆرتێکی لەژێر ناوی "ئەم ماڵە سەوز نییە !" لەو ڕۆژنامەیەدا بڵاوکردەوە. ناوبراو لە سەرەتای ڕاپۆرتەکەیدا دەنووسێت: زۆربەی گفتوگۆکان سەبارەت بە ماڵی چۆڵن. دایک و باوکە تەنیاکان، کۆتایی تەمەنی مامناوەندی و سەرەتای پیری و بەساڵاچوون، بەبێ چاودێری منداڵان، گۆچانە ونبووەکانی دەست، سەربەخۆ، جێهێڵراون. ماوەیەک پێشتریش، ڕۆژنامەی "هەم مەیهەن" چاپی تاران، ڕاپۆرتێکی دڵتەزێنی سەبارەت بە دۆخی ئێستای بەساڵاچووان لە ئێران بڵاوکردەوە. ڕاپۆرتەکە لە سەرەتادا ئاماژە بە دیاردەیەکی هەژێنەر دەکات کە پێی دەوترێت " بەساڵاچووانی سەر ڕێگە". ئەوان ئەو پیرەژن و پیرە پیاوانەن کە وەک "منداڵانی سەر ڕێگە" وان کە لەسەر شەقامەکان جێهێڵراون. لە بەشێک لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە: "لە ساڵی ١٠٤٢دا تەنیا لە شاری تاران نزیکەی هەشت هەزار و ٥٠٠ کەسی بەساڵاچوو لەلایەن تیمەکانی شارەوانییەوە ناسراون".هەم مەیهەن لەم بارەیەوە دەنووسێت: بەساڵاچووانی جێهێڵراو، بە واتای ئەو ئینسانە بێناو و نیشانانان کە هیچ سەرپەرشتیارێکیان نییە". بەشێک لەو بەساڵاچووانە بەهۆی نەخۆشی لەبیرچوونەوە یان ئەلزهایمەرەوە، لەسەر شەقامەکان ون دەبن و بنەماڵەکانیان ناتوانن بیاندۆزنەوە. بەڵام گروپێکی گرنگتریان ئەوانەن کە بنەماڵەکانیان بەهۆی هەژاری دارایی، گرفتی بژێوی ژیان، نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونی گونجاو، یان تووشبوونی کەسە بەساڵاچووەکە بە نەخۆشییەکی بۆماوەیی و پێویستی بە چاودێری تایبەت، ناتوانن چاودێرییان بکەن. لە لایەکی ترەوە ئەگەریش چاودێرانی بەساڵاچووان بیانەوێت لە خانەی بەساڵاچووان دایانبنێن، دەبێت تێچووی چاودێری کەسەکانیان، بۆخۆیان دابینی بکەن، لەمڕووەوە ئەو بنەماڵانەی کە توانای دابینکردنی ئەم تێچووەیان نییە، کەسە بەساڵاچووەکە لە شوێنێکدا جێدەهێڵن بۆ ئەوەی تێچووی مانگانەکەی نەدەن و کەسە بەساڵاچووەکەش، بەبیانووی تووش بوون بە نەخۆشی لەبیرچوونەوە، زانیاری کەسیی خۆی و بنەماڵەکەی ئاشکرا ناکات

پەیامنێری ڕۆژنامەکە لە کۆتاییدا دەنووسێت، لەکاتی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتەدا، مەئموورانی ئەمنییەتی هێرشان کردووەتە سەری و بە زۆر وێنە و و ویدیۆکانیان لە کامێراکەی سڕیوەتەوە و هەڕەشەیان لێکردووە کە ئەگەر ئامارێک لەم بابەتەوە بڵاوبکاتەوە، بەرەوڕووی دادگ دەکرێتەوە. واقیعییەت ئەوەیە کە سەدەمی پیریی و بەساڵاچوون لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، گەلێک دژوارە. سەرچاوە ئامارییەکانی خودی ڕێژیم باس لەوە دەکەن کە زیاتر لە یەک لەسەر سێی خانەنشینانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی، ئەوەندە حەقدەست وەردەگرن کە تەنیا بەشی ١٠ ڕۆژی ژیانێکی مەمرە و مەژییان دەکات. بە وتەی ئەحمەد دلبەری، سەرۆکی ئەنجومەنی بەساڵاچووانی ئێران، ٥٥ لەسەدی بەساڵاچووان تەنانەت ئەم داهاتە کەمەشیان نییە. لە سیستان و بەلوچستان ٧٠ لەسەدی بەساڵاچووان لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین و نزیکەی ٨٨ لەسەدی دانیشتوانی گوندەکان لە بیمەی خانەنشینی بێبەشن. بەساڵاچووان دە لەسەدی دانیشتووانی ئێران پێکدەهێنن، واتە زیاتر لە هەشت ملیۆن کەسن و ژمارەیان بەردەوام ڕوو لە زیادبوونە. حکوومەتی ئیسلامی، کە هیچ پلانێکی نییە بۆ باشترکردنی ژیانی بەساڵاچووان و خانەنشینکراوان و بە کردەوە ئەرکی چاودێریکردنی بەساڵاچووانی خستووەتە ئەستۆی منداڵەکانیان و خزم و کەس و خێرخوازان و لە هەژاری و بێ مافیدا جێی هێشتوون. ئەو بەساڵاچووانەی کە کۆماری ئیسلامی لە هەژاری و هەلومەرجێکی نامرۆڤانەدا ڕایگرتوون، بە شێوەیەکی سروشتی، بەهۆی لاوازی جەستە و ماندوویەتی ڕۆح و ڕەوانیان، بەردەوام لەگەڵ مەترسی ئالوودەبوون بە هەموو چەشنە میکرۆب و ڤایرۆسێک بەرەوڕوون. هەروەک لە کاتی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنادا بینیمان، چەند سەد هەزار کەس لەو بەساڵاچووانە گیانیان لەدەستدا

لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، ژمارەی ئەو ژنە بەساڵاچووانەی کە لەم دۆخە نالەبارەدا گرفتارن، زۆر زیاترە لە پیاوان و ئەمەش لە حاڵێکدایە کە زۆربەی هەرەزۆری ژنانی بەساڵاچوو تەنانەت لەو پووڵە کەمەش بێبەشن کە پیاوان وەک خانەنشینی پێیان وەریدەگرن. شێوازی هەڵسوکەوت لەگەڵ بەساڵاچووان، منداڵان، ژنان و کەمئەندامان لە هەر کۆمەڵگایەکدا، یەکێکە لە پێوەرە سەرەکییەکانی ڕادەی مرۆڤدۆستی و دێموکراتیکبوونی ئەو سیستەمە سیاسییە و پێوەرێکی گرنگی مافی مرۆڤ لەو کۆمەڵگایەدا. دەوڵەتی ئیسلامی لە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ هەموو ئەو توێژە کۆمەڵایەتیانە، یەکێکە لە گەندەڵترین و کۆنەپەرستترین سیستمە سیاسییەکانی جیهان. ڕێژیمی ئیسلامی ئامادە نییە هیچ بەرپرسیارێتییەک بەرامبەر بە بەساڵاچووە هەژارەکانی ئەم کۆمەڵگایە قبوڵ بکات. بە گلدانەوەی بەشێکی کەم لەو داراییە زۆر و زەوەندی کە لە پێناو میلیتاریزم و سەرکوتی جەماوەر و تیرۆر و دەستێوەردانی کۆنەپەرستانە لە دەرەوەی سنوورەکان خەرج دەکرێت، دەکرێ ژیانێکی ئینسانی بۆ بەساڵاچووان دابین بکرێت، بابەتێکی کە دەبێ یەکێک بێت لە ئەولەویەتەکانی ئەو حکوومەتەی کە لە ئاکامی ڕووخانی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامیدا دادەمەزرێت.

ناوبراو لە سەرەتای ڕاپۆرتەکەیدا دەنووسێت: زۆربەی گفتوگۆکان سەبارەت بە ماڵی چۆڵن. دایک و باوکە تەنیاکان، کۆتایی تەمەنی مامناوەندی و سەرەتای پیری و بەساڵاچوون، بەبێ چاودێری منداڵان، گۆچانە ونبووەکانی دەست، سەربەخۆ، جێهێڵراون. ماوەیەک پێشتریش، ڕۆژنامەی "هەم مەیهەن" چاپی تاران، ڕاپۆرتێکی دڵتەزێنی سەبارەت بە دۆخی ئێستای بەساڵاچووان لە ئێران بڵاوکردەوە. ڕاپۆرتەکە لە سەرەتادا ئاماژە بە دیاردەیەکی هەژێنەر دەکات کە پێی دەوترێت " بەساڵاچووانی سەر ڕێگە". ئەوان ئەو پیرەژن و پیرە پیاوانەن کە وەک



"منداڵانی سەر ڕێگە" وان کە لەسەر شەقامەکان جێهێڵراون. لە بەشێک لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە: "لە ساڵی ١٠٤٢دا تەنیا لە شاری تاران نزیکەی هەشت هەزار و ٥٠٠ کەسی بەساڵاچوو لەلایەن تیمەکانی شارەوانییەوە ناسراون".هەم مەیهەن لەم بارەیەوە دەنووسێت: بەساڵاچووانی جێهێڵراو، بە واتای ئەو ئینسانە بێناو و نیشانانان کە هیچ سەرپەرشتیارێکیان نییە". بەشێک لەو بەساڵاچووانە بەهۆی نەخۆشی لەبیرچوونەوە یان ئەلزهایمەرەوە، لەسەر شەقامەکان ون دەبن و بنەماڵەکانیان ناتوانن بیاندۆزنەوە. بەڵام گروپێکی گرنگتریان ئەوانەن کە بنەماڵەکانیان بەهۆی هەژاری دارایی، گرفتی بژێوی ژیان، نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونی گونجاو، یان تووشبوونی کەسە بەساڵاچووەکە بە نەخۆشییەکی بۆماوەیی و پێویستی بە چاودێری تایبەت، ناتوانن چاودێرییان بکەن. لە لایەکی ترەوە ئەگەریش چاودێرانی بەساڵاچووان بیانەوێت لە خانەی بەساڵاچووان دایانبنێن، دەبێت تێچووی چاودێری کەسەکانیان، بۆخۆیان دابینی بکەن، لەمڕووەوە ئەو بنەماڵانەی کە توانای دابینکردنی ئەم تێچووەیان نییە، کەسە بەساڵاچووەکە لە شوێنێکدا جێدەهێڵن بۆ ئەوەی تێچووی مانگانەکەی نەدەن و کەسە بەساڵاچووەکەش، بەبیانووی تووش بوون بە نەخۆشی لەبیرچوونەوە، زانیاری کەسیی خۆی و بنەماڵەکەی ئاشکرا ناکات

پەیامنێری ڕۆژنامەکە لە کۆتاییدا دەنووسێت، لەکاتی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتەدا، مەئموورانی ئەمنییەتی هێرشان کردووەتە سەری و بە زۆر وێنە و و ویدیۆکانیان لە کامێراکەی سڕیوەتەوە و هەڕەشەیان لێکردووە کە ئەگەر ئامارێک لەم بابەتەوە بڵاوبکاتەوە، بەرەوڕووی دادگا دەکرێتەوە. واقیعییەت ئەوەیە کە سەدەمی پیریی و بەساڵاچوون لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، گەلێک دژوارە. سەرچاوە ئامارییەکانی خودی ڕێژیم باس لەوە دەکەن کە زیاتر لە یەک لەسەر سێی خانەنشینانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی، ئەوەندە حەقدەست وەردەگرن کە تەنیا بەشی ١٠ ڕۆژی ژیانێکی مەمرە و مەژییان دەکات. بە وتەی ئەحمەد دلبەری، سەرۆکی ئەنجومەنی بەساڵاچووانی ئێران، ٥٥ لەسەدی بەساڵاچووان تەنانەت ئەم داهاتە کەمەشیان نییە. لە سیستان و بەلوچستان ٧٠ لەسەدی بەساڵاچووان لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین و نزیکەی ٨٨ لەسەدی دانیشتوانی گوندەکان لە بیمەی خانەنشینی بێبەشن. بەساڵاچووان دە لەسەدی دانیشتووانی ئێران پێکدەهێنن، واتە زیاتر لە هەشت ملیۆن کەسن و ژمارەیان بەردەوام ڕوو لە زیادبوونە. حکوومەتی ئیسلامی، کە هیچ پلانێکی نییە بۆ باشترکردنی ژیانی بەساڵاچووان و خانەنشینکراوان و بە کردەوە ئەرکی چاودێریکردنی بەساڵاچووانی خستووەتە ئەستۆی منداڵەکانیان و خزم و کەس و خێرخوازان و لە هەژاری و بێ مافیدا جێی هێشتوون. ئەو بەساڵاچووانەی کە کۆماری ئیسلامی لە هەژاری و هەلومەرجێکی نامرۆڤانەدا ڕایگرتوون، بە شێوەیەکی سروشتی، بەهۆی لاوازی جەستە و ماندوویەتی ڕۆح و ڕەوانیان، بەردەوام لەگەڵ مەترسی ئالوودەبوون بە هەموو چەشنە میکرۆب و ڤایرۆسێک بەرەوڕوون. هەروەک لە کاتی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنادا بینیمان، چەند سەد هەزار کەس لەو بەساڵاچووانە گیانیان لەدەستدا

لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، ژمارەی ئەو ژنە بەساڵاچووانەی کە لەم دۆخە نالەبارەدا گرفتارن، زۆر زیاترە لە پیاوان و ئەمەش لە حاڵێکدایە کە زۆربەی هەرەزۆری ژنانی بەساڵاچوو تەنانەت لەو پووڵە کەمەش بێبەشن کە پیاوان وەک خانەنشینی پێیان وەریدەگرن. شێوازی هەڵسوکەوت لەگەڵ بەساڵاچووان، منداڵان، ژنان و کەمئەندامان لە هەر کۆمەڵگایەکدا، یەکێکە لە پێوەرە سەرەکییەکانی ڕادەی مرۆڤدۆستی و دێموکراتیکبوونی ئەو سیستەمە سیاسییە و پێوەرێکی گرنگی مافی مرۆڤ لەو کۆمەڵگایەدا. دەوڵەتی ئیسلامی لە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ هەموو ئەو توێژە کۆمەڵایەتیانە، یەکێکە لە گەندەڵترین و کۆنەپەرستترین سیستمە سیاسییەکانی جیهان. ڕێژیمی ئیسلامی ئامادە نییە هیچ بەرپرسیارێتییەک بەرامبەر بە بەساڵاچووە هەژارەکانی ئەم کۆمەڵگایە قبوڵ بکات. بە گلدانەوەی بەشێکی کەم لەو داراییە زۆر و زەوەندی کە لە پێناو میلیتاریزم و سەرکوتی جەماوەر و تیرۆر و دەستێوەردانی کۆنەپەرستانە لە دەرەوەی سنوورەکان خەرج دەکرێت، دەکرێ ژیانێکی ئینسانی بۆ بەساڵاچووان دابین بکرێت، بابەتێکی کە دەبێ یەکێک بێت لە ئەولەویەتەکانی ئەو حکوومەتەی کە لە ئاکامی ڕووخانی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامیدا دادەمەزرێت

****

Workers of all countries, unite!

PESHRAW

No: 458-February 2025

www.komalah.org

Fortnightly paper of the central committee of Komalah

# چۆن ڕێکخراوە مەدەنییەکان گەشە دەکەن؟



ن: سەلام قادری

**بەشی یەکەم:**

هەم لە کۆمەڵگا داخراوەکاندا و هەم لەو وڵاتانەدا کە بە ڕێژەیەک دیموکراسی تیایدا بەدیهاتووە، بەردەوام دیاردە و مەسئەلەی کۆمەڵایەتی سەرهەڵدەدەن و ئەم دیاردانە بە کردەوە و بابەتیانە دەبنە مەیدانێکی کرداری بۆ چالاکی هەڵسووڕاوانی کۆمەڵایەتی. ڕێکخەرانی سەرەتایی و دامەزرێنەر، بیرۆکەی دامەزراندنی ڕێکخراو لە پەیوەندی بەو کێشە کۆمەڵایەتیانە دێننە بەرباس، لەگەڵ ئەوەی کە کەم تا زۆر ڕەوتەکە بەرەو پێشچووە و ژمارەی هۆگران و بەشداربووانی ئەم چالاکییە زیاد دەکات و لەو بەستێنەدایە کە لایەنگران خاوەندارێتی لە ڕێکخراوەکە دەکەن و بە گەرم و گوڕی بەشداری تێیدا دەکەن. ڕێکخەرانێکیش لە ئاستی ڕێبەر و ڕێنوێندا دەردەکەون و ئەمانە دەبنە سەرکردە و بانگەشەکاری پلان و ئاراستەی ڕێکخراوەکە، زۆرینەیەکیش وەکوو بەردەنگی ئەو ئاراستەیە، یان ئاراستەکە قبوڵ دەکەن و لەگەڵی دەکەون و لە ئەنجامدا ڕێکخراوەکە گەشە دەکات، یان ئاراستە قبوڵ ناکەن و ڕێکخراوەکە تووشی کێشەی کرداریی دەبێ بە هۆی ئەوەی کە ئەوەی لە خیاڵی سەرکردەکاندا بیری لێکراوەتەوە، لەگەڵ ئەوەی لە عەرزی واقیعدا دەگوزەرێ، لێکدورن و گونجاو نین ئەم نەگونجاوییە لە سروشتی جیاوازی تاکەکان لەگەڵ یەکتر سەرچاوە دەگرێت و هەم زانستە مرۆییەکان و هەم ئەزموونی کاری ڕێکخراوەیی ئەمەی لە گرێکوێرەیەکی تاڵی شکست خوڵقێنەوە کردووە بە دیاردەیەکی ئاشنا لە کۆمەڵناسی کاری ڕێکخراوەییدا

پۆلێنی گشتی کەسایەتییەکان و تایبەتمەندییەکان

**یەکەم:** توێژی کردەخواز یان پراگماتیست

ئەم توێژە پارێزخواز نییە بەڵام لە دیاریکردنی ئەرکەکان و پێویستییەکان ڕەچاوی ئەوە دەکات کە زۆرینەی پارێزخواز لە ڕێکخراوەکە دوور نەکەونەوە، بۆیە لە بڕیاردانەدا زۆر شیکاری ورد دەکات بۆ ئەوەی دڵنیا بێت لە دیاریکردن و پۆلێنبەندی ئەو ئەرک و زەرورەتانەدا هەڵە و زیادەڕەوی نەکرێت و ڕێکخراوەکە بچووک نەبێتەوە بۆ سێکت و فیرقەیەکی بچووک، یان لێکدانەبڕێت و نەبێت بە دوو یان چەند کەرتەوە

**توێژی دووهەم:** ( بریتین لەو کەسانێکی نمایشی کە حەزیان لە دەرکەوتنە)، ئەم جۆرە کەسانە لە قۆناغێکدا زۆر چالاکن و پێشدەکەون و کاری زەق و نەترسانە دەکەن و زۆر زوو دەبنە کەسی دیاری ڕێکخراوەکە و دۆست و دوژمن لە ئاستێکی بەرزدا و وەک سەرکردە دیانناسن. لە وڵاتانی دیکتاتۆریدا ئەم جۆرە کەسانە زۆر زوو دەکەونە بەرتیغی سەرکوتی دەزگا ئەمنییەکان و دەکرێنە عیبرەت بۆ ترساندنی زۆرینەی بەشداربووان و ئەندامان، لە وڵاتانی دیموکراسیشدا هەوڵ دەدرێت بە دانی ئیمتیازاتی شەخسی بێدەنگ بکرێن. بۆیە توێژی نمایشی یان (خوازیاری دەرکەوتن) وەکوو خەنجەری دووسەرن، لەلایەکەوە کاریگەرن لە ڕەواندنەوەی ترسی سەرتاییدا و ڕچەشکێنن بەڵام لە لەلایەکی ترەوە و لە هەندێک قۆناغدا بە توندڕەوی و تاکڕەوی بیانووی سەرکوتی گەورە دەدەن بە دەست دوژمنەوە، کە دوژمنیش بەپێی یاسا هەلی ئەو سەرکوتەی بۆ ڕەخسا، بە سەرکوت و دەمکوتکردنی ئەو کەسە نمایشییە دیارانە، فۆبیا بۆ زۆرینەی ڕاڕا و پارێزخوازەکان دروست دەکات و دەبێتە هۆی ئەوەی پارێزخواز هێندە بترسێت کە لە بەشداری کەمەوە بترازێتە سەر هێڵی هیچ نەکردن و پاسیڤیزم یان پاکانە و خۆ بەدوور گرتن

چارەسەر چیە بۆ ئەوەی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی تووشی شەلەل و کەرت کەرت بوون نەبێت؟

هەروەک باسکرا مرۆڤەکان تەنانەت لە یەک بنەماڵەدا خاوەنی یەک جۆر لە توانایی و تایبەتمەندی نین، بەڵام لە کۆمەڵگادا خەباتی پیشەیی و چینایەتی و کۆمەڵایەتی هەڵهێنجراوی ئەو ڕاستییەیە کە مرۆڤەکان خاوەنی بەرژەوەندی هاوشێوەن بۆ گەیشتن بە ئامانجە بە کۆمەڵەکانیان، کەوابوو ئەوە چارەنووسسازە کە بتوانین بە سەر جیاوازییە کەسیەکاندا زاڵ ببین و زانستیانە ئەو تایبەتمەندیانە بخەینە خزمەتی بەرەوپێشچوونی ئەمری کۆمەڵایەتی و نەهێڵین ئەم جیاوازیانە ببێتە ڕێگر و تێکدەری ئاراستەی کردە کۆمەڵایەتیەکان. ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان پێویستیان بە تێکەڵەیەک لە کەسایەتیی ئەرێنی و گونجاو هەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان. هاندانی سیفەتە ئەرێنییەکان و بەرتەسک کردنەوەی مەجال بۆ سیفەتە نەرێنییەکان لە ڕێگەی ڕاهێنان و ڕاوێژو و بارهێنانی کولتوری و کاری ڕێکخراوەییەوە دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە باشترکردنی ئەدای ئەم ڕێکخراوانەدا وەکوو پێشتر باسکرا، بەستێن بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی لە هەبوونی کەمایەسی یان کرێز و کێشە لە ناو کۆمەڵگادا دروست دەبێت، کە ڕێکخراو دروست بوو بەرژەوەندی و ئامانجی سەرەکی و لاوکی دەردەکەوێت و دیاری دەکرێت. کە بەرژەوەندیش ڕوون بۆوە، یار و نەیاریش بە پێوانەی قازانج یان زەرەر گەیاندن بەو ئامانجە دیاریکراوانە دەناسرێتەوە. لە هەموو ئەمانەش گرنگتر (پەیوەندییەکانی دەسەڵاتە کە کە چی کردن و چی نەکردن دەخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە)، هەندێ جار ئەوەی زۆر ئازایانە دێتە بەرچاو دەتوانێت توندڕەوانە بێت. بەو مانایە کە مەجال بە دوژمن بدات کە پێش لە دروستبوونی پەرژین و پشتی پۆڵایینی جەماوەری بۆ ڕێکخراوێک، ئەو ڕێکخراوە سەرکوت بکات

با بزانین خودی دەسەڵات چۆن دەناسین یان دەیناسینەوە؟ دەسەڵات بە واتایەکی باو تەنیا لای دەسەڵاتدارە، واتە ئەوەی زۆری چەکداری و ژمارەی چەک و چەکدارەکانی زۆرە و بە کوردی بە کورتی دەوڵەتە کە دەسەڵاتدارە و خەت و مەرزی دەسەڵاتی دەوڵەتیش لە دێڕەکانی یاسادا دیاریکراوە و کەس نابێت و ناتوانێت لێی لابدات لەگەل ئەوەدا کە بۆ چالاکی ئاشکراو و یاسایی دەبێ بەباشی یاسا و فێڵ و داوەکانی دەوڵەت و دەزگا ئەمنی و سەرکوتگەرەکان بناسین، ئەوەش دەبێ بزانین کە دەسەڵاتێکی تر و بگرە بەهێزتر لە دەسەڵاتی دەوڵەت لە ژێر پێستی کۆمەڵگا و چین و توێژ و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکاندا خۆی حەشار داوە و هێندەش کاریگەرە کە بە زەبرو زەنگترین حکومەتەکان لە ئاستیدا زەلیلن

با بە خێرایی ئاماژە بە چەند نموونەیەک بکەین، ئەوەی حکومەت دەیهەویست ڕوخسار و حیجابی ژن بێت لە ئێرانی ئیسلامیدا هەرگیز نەسەپا بەسەر کۆمەڵگادا بە هۆی ئەو هێزە نادیار، بەڵام ڕاستەقینەیەی ناو کۆمەڵگای کوردستان. ماهوارە و فیلتەر و پارێزێت، هەروەها نایاسایی ڕاگەیاندنی کاری ڕێکخراوە سیاسییەکان لە کوردستاندا وایکرد ئەو وزە کۆمەڵایەتی و سیاسییە لە فۆرمی ڕێکخراوەی ژینگەپارێزی، فەرهەنگی، گروپی شاخەوانی، ئین جی ئۆی دژی مادەی سڕکەر، ڕێکخراوی کرێکاری و پیشەیی، ڕێکخستنی ڕێوڕەسمە جۆراوجۆرەکان لەوانەش ڕێوڕەسمی نەورۆز، ڕۆژی جیهانی کرێکار، ڕۆژی جیهانی هەشتی مارس واتە ڕۆژی جیهانی ژنان هەروەها لە مانگرتنە یەکگرتوانەکانی خەڵکی کوردستاندا ببینین. وەک باسکرا ئەو نموونانە ئەوە دەسەلمێنن کە ئێمە کۆمەڵانی خەڵک کە بێدەسڵات دێینە بەرچاو، خاوەنی دەسەڵاتێکی نادیار بەڵام بەهێز و ڕاستەقینەین و هەر لە ڕێگەی ئەو دەسەڵاتەشەوە دوژمنمان خستووەتە ژێر ڕکێفی خۆمانەوە و پاشەکشێی بەردەوام و حاشا هەڵنەگرمان بە سەریدا سەپاندووە. کەوابوو دو هێڵی بەرژەوندی گشتی و بەکارهێنانی لێزانانەی هێزی ڕاستەقینە بەڵام سنورداری کۆمەڵایەتی دەبێ زاڵتر بێت بە سەر کاریگەری خولق و خووی نەرێنی کەس یان کەسانی ئەندام و بەشدار

****

دواستون

## ڕژێمی ئیسلامی، سەبەبکاری دیاردەی کۆچکردنە

ڕۆژی چوارشەممە ١٢ی بەفرانبار، کۆنفرانسێکی دوو ڕۆژە، لەژێر ناوی: کۆچی نوخبە زانستییەکان لە ئێرانی ئەمڕۆدا، ئاڵەنگاری و ڕێکارەکان، لە تاران بەڕێوەچوو. بەشداربووان دوای کۆتایی کۆنفرانسەکە، بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە و تێیدا ئاماژەیان بە بەشێک لە ئاڵەنگاریەکانی کۆچی نوخبە ئەکادیمییەکانی سەرچاوەگرتوو لە سیاسەتی دەسەڵاتداران و ڕوانگە و ڕێبازی نەگۆڕی زاڵ بەسەر زانکۆکەداندا کرد. ئەوان لە بەیاننامەکەیاندا ئاماژەیان کرد بە ئەمنییەتی بوونی کەشوهەوای زانکۆ، سنووردراربوونی ئازادییە ئەکادیمییەکان و داخراوبوونی ژینگەی زانکۆ بەهۆی پەرەسەندنی کۆچی نوخبە ئەکادیمییەکانەوە. ئەگەرچی بەشداربووانی کۆنفرانسەکە تیشکیان خستە سەر کۆمەڵێک لەو ڕاستیانەی کە بۆ زۆر کەس ئاشنان. بەڵام لە هەمان کاتدا وریای ئەوەش بوون کە هیچ هێڵێکی سوور نەبەزێنن. بۆ نموونە هیچکام لە وتاربێژەکان باسی ئەو ڕاستییە بنەڕەتییەیان نەکرد کە نەبوونی ئازادی، گەندەڵی و هەڵاواردن لە زانکۆکان، لە دیکتاتۆریەتی ئیسلامی سەرمایەدارانەی زاڵ بەسەر ناوەندە پەروەردەییەکان بە تایبەتی و کۆمەڵگا بە گشتیەوە، سەرچاوە دەگرێت ئەوان بوونی نوخبەی ئەم کۆمەڵگایەیان تەنیا لە چوارچێوەی خوێندەوارانی زانکۆدا بەدی دەکرد و هیچ ئاماژەیەکیان بە پێشڕەوانی کرێکاری و ڕێبەرانی بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئێستا نەکرد کە لە هەناوی خەباتێکی زیندوودا پەروەردە بوون و لە ڕاستیدا بزوێنەری بزاڤی ڕوو لەپێش و سەرمایەی بەنرخی ئەم کۆمەڵگایەن. یەکێک لە وتاربێژان وتی کە هەڵوەرینی سەرمایەی کۆمەڵایەتی، کەمبوونەوەی هیوا بە داهاتوو، هەڵاواردن و بێبەش بوون لە مافی ڕەوا و دادپەروەرانە، سنووردارکردنی ئازادییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگییەکانی (وەک هەوڵدان بۆ سەپاندنی حیجابی زۆرەملێ)، دروستکردنی ئاستەنگ لەبەردەم پەیوەندییەکان، (لەوانە فلتەرکردن و نەبوونی ئیمکانی دەستڕاگەیشتن بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان)، پرۆسەی کۆچکردنی بەربڵاوتر و خێراتر کردووە. بە دڵنیاییەوە ئەمە تەنیا بەشێکە لە ڕاستییەکان و پرسەکە زۆر لەوە ئەولاترە کە بەشداربووانی کۆنفرانسەکە بە پارێزەوە باسی دەکەن. لەڕاستیدا هۆکاری سەرەکی پەرەسەندنی بەردەوامی کۆچکردن دەگەڕێتەوە بۆ ئیفلاسی سیاسیی، فەرهەنگیی، ئابووریی و کۆمەڵایەتیی حکوومەتی ئیسلامی. کۆچبەران و پەنابەرانی سیاسی بەشێوەیەکی گشتی، بە هۆی ستەمکاری، سەرکوت، هەڵاواردن، نەبوونی هەلومەرجی ژیانی ئینسانی، گەڕان بە دوای ئەمنییەت و هەلومەرجێکی باشتر بۆ ژیانی خۆیان و بنەماڵەکانیان، ئێران بەجێدەهێڵن. لە کاتێکدا کە نەخۆشخانەکانی ئێران لەگەڵ کەمیی کارمەندی پسپۆڕ و لێهاتوو بەرەوڕوون، ئاست و کوالێتی خوێندن لە ناوەندەکانی پەروەردە دابەزیوە، ژینگە پێویستی بەپەلە و هەنووکەیی بە کەسانی پسپۆڕ و شارەزا هەیە و پەرەسەندنی بەردەوامی کۆچی ئەو توێژە خوێندەوارە، تێچوویەکی قورس بەسەر خەڵکی ئێراندا دەسەپێنێت، ڕێژیم نەک هەر هەوڵی کەمکردنەوەی کۆچی خوێندەواران لە ئێرانەوە نادادات، بەڵکوو بە کردەوە ڕێگەی بۆ خۆش دەکات. لەڕاستیدا ڕێژیمی ئیسلامی، ئێرانی کردووە بە دۆزەخێکی ڕاستەقینە بۆ بەشێکی زۆر لە دانیشتوانەکەی و نیو ملیۆن ئاخوند و خوێندکاری کۆنەپەرست و مشەخۆری ئایینی، دەسەڵاتدارانی دز و گەندەڵ و تاقمێک جینایەتکاری کە دەستیان بەخوێنی خەڵکی ئێران سوورە و سەروەت و سامانی وڵاتیان تاڵانکردووە، ئەم وڵاتە بە موڵکی شەخسی خۆیان دەزانن

****